



دۆسیەی ژمارە: سەبارەت بە پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا و پرسی موچە و ئایندەی سیاسی کوردستان...بەڕێزان، شوان گەردی، فەرمان ڕەشید و هێمن جەوهەر بۆ بۆپێشەوە دەدوێن...لاپەڕە 10-11-12

# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


سالی چوارەم ژمارە(88) بەرواری 1-12-2020 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


# بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و ڕێکخراو زامنی ناچارکردنی دەسەڵاتە بۆ دابینکردنی موچە و خزمەتگوزارییەکان!



بەهۆی بێموچەیی، بێکاری، گرانی بازاڕ و نەبوونی سەرەتاییترین خزمەتگوازرییەکان، لە پاڵیشیدا پەتای نەگریسی کۆڕۆنا، ژیان و گوزەرانی بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگە، چینی کریکار و موچەخۆران و بێبەشان، لەو پەڕێ خراپی دایە.

لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا، چەندین مانگ موچەی موچەخۆران هەر نەدراوە، چەند مانگێکیش بە جیا لەدواخستنی، موچەکان لێیان بڕدراوە. پێشتریش لەساڵی ٢٠١٥ وە تا ساڵی ٢٠١٩ لەژێر ناوی پاشەکەوتی موچەدا، نیوە موچەو چارەکە موچە، ژیان و گوزەرانی بەشێکی بەرین لە خەڵکی کرێکار و زەحمەتیکێشی نابود کرد.

هەموو ئاماژەکانیش ئەوە دەخەنە ڕوو کە دەسەڵاتی سیاسی دەیەوێت ئەم دۆخە نەخوازراوە، درێژە پێبدات و شانی خۆی لە بەرپرسیاریەتی بەتەواوەتی خاڵی بکاتەوە.

سەرۆکی حکومەت! جێگری سەرۆکی حکومەت! وتەبێژی حکومەت!

بۆ لاپەڕە 2



## بەشودان یاخود فرۆشتنی ژنان وەك كاڵا

هەتاو عەبدوڵاهی

ساڵەهای ساڵە سەرمایەداری هەوڵی داوە پەیوەندی نێوان تاکەکان بگۆڕی و بەو ڕاستایە کە خۆی ئامانجێتی بیبا. جیهانی سەرمایەداری بەگشتتی ژیانی هەموو مرۆڤەکانی کرمۆڵ کردوە و خۆی خزاندۆتە نێو هەموو کەلین و قوژبنێکی کۆمەڵایەتی و شوێن دانەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانیان داناوە، جا لە هەر جێگایە و بەپێی شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافیایی ئەو شوێنە کەرەسەکانی بۆ چەوساندنەوەی مرۆڤ دەگوڕێ، ئەگینا ئامانج بە گشتی چەوساندنەوەی تاکەکانە. ئەگەر چاوخشاندنێکمان

بۆ لاپەڕە 5




## كێشەی فەیسبوك، فەیسبوكە!

تۆماس کۆر

کۆمیدیایەکی تاڵ لەژیانی ڕۆژانەی ناسراوترین ڕەخنەگرانی بواری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بوونی هەیە. زۆرینەیان نەوەک هەر چەندین سەعاتی ڕۆژانەیان بەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەکوژن، بەڵکو هیچ بڕیارێکیشیان بۆ خستنەلاوەی ئەم تۆڕانە نییە. بۆچی؟ چونکە تەرککردن و وازهێنان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە جیهانی ئەمڕۆدا، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ نەفیکردن و دوورخستنەوە لەکۆمەڵگە نییە. ڕێک لەبەر ئەم هۆکارەیە کە هەوڵدان بۆ چاکسازی لەبواری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ڕەخنەی بێڕەحمانە لێیان، ئەرکی هەموو لایەکە. تەنها شتێک کە لە هەبوون لەناو دنیای فەیسبوکدا خراپتر

بۆ لاپەڕە 6



## خۆپیشاندان لە ناسرییە دەستیپێکردەوە...ل3



## سێ کرێکار لەم مانگەدا بوونەتە قوربانی نائەمنی شوێنی کار..ل3



## ڕێکخراوبوونی هێزی چەکدار لەبزوتنەوەی شوراییدا...ل4



## ٢٥ نۆڤەمبەر پەیامی نەفرەت لەدەسەڵاتی دژە ژن بووا...ل7



## دزی و تالانی لە زمانی خۆیانەوە...ل 3



## پرسی ژن

ل 7

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

ل 8-9

## درێژەی وتەی ژمارە

وەزیری دارایی! هەموویان سەبارەت بە موچە، دەڵێن ئەگەر بەغدا پارەو شایستە داراییەکانی هەرێمی نارد موچە دابەش دەکەین!!! ئەمەش بەڕۆشنی یانی ئەگەر بەغدا پارەی نەنارد موچە نییەو بەرپرسیاریەتی نەبوونی موچەش دەخەنە ئەستۆی دەسەڵاتی سیاسی لە بەغدا. بەم جۆرە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، هیچ بەرپرسیارییەتیەک هەڵناگرن و ئامادەنین لە فرۆشتنی نەوت، داهاتی خاڵە سنورییەکان، داهاتەکانی تری ناوخۆ، وە لە برینی موچەی نارەوای دەیان هەزار موچەخۆرو کادری حزبی، لە راگرتنی دزییە ئاشکراکانی کۆمپانیاکانیان و خاڵە سنورییەکان، کە بەشی موچە و خزمەتگوزارییەکان دەکات، موچەی فەرمانبەرانی هەرێم دابین بکەن.

ئەو مامەڵەیەی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لەگەڵ خەڵکی کوردستان و موچەخۆرانی دەکات، کردەیەکی مافیایی ئاشکرایە و هاوکاتیش بەیانی شکستی دەسەڵاتداریێتی و پوچی حکومەتداریان دەخاتە ڕوو.

لەو کردەوە مافیاییەی دەسەڵاتدا، دەسەڵاتی هەردوو زۆنی زەرد و سەوز و نیلی، بەرپرسی ئەم دۆخەن کە بەسەر خەڵکی کوردستانیاندا سەپاندووە. هەموو کەسێکی هوشیار ئاگایە بەو ڕاستیەی کە داهاتی زۆنی زەرد لەژێر دەسەڵاتی پارتی و هاوپەیمانەکانی و داهاتی زۆنی سەوزو نیلیش لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی و گۆڕان و هاوپەیمانەکانیان دایە... هەردوو لاش بەرپرسن لە زامنکردنی موچەی موچەخۆرانی ژێر دەسەڵاتیان و دابین کردنی خزمەتگوزارییەکان. یەکێتی نیشتیمانی لە کاردانەوەی خۆی لەبەرامبەر قۆرغکارییەکانی پارتی و دزینی داهاتی زۆنی زەردا، دەیەوێت شانی خۆی لە زۆنی سەوزدا لە بەرپرسیاریەتی خاڵی بکاتەوەو بێ موچەیی ئەو زۆنەش بخاتە سەرشانی پارتی، لە بەرامبەریشدا پارتی یەکێتی تۆمەتبار دەکات کەلەلایەکەوە دەستی بەسەر خاڵە سنورییەکانی خۆیدا گرتووەو داهاتەکان رادەستی هەولێر ناکات و لەلایەکیتریشەوە لە هەوڵی ئەوەدایە کەموچەی موچەخۆران بگوازرێتەوە بۆ سەر بەغدا. ئەوەی هەردوولایان "پارتی و یەکێتی"، لەبەرامبەر بەیەکتری لەچوارچێوەی جەنگی ساردی نێوانیاندا دەستیان پێوە گرتووە، تاوانێکی نەبەخشراوە کە قوربانیانی خەڵکی نەدراو بێبەشی کورستانن. خەڵکی کوردستان و موچەخۆران، مافێکی سەرەتایی خۆیانە موچە وەکو دەسترەنجی ماندوبوون و خزمەتی خۆیان، لە کاتی خۆیدا وەربگرن و پێ بەپێی گرانی بازاریش موچەکانیان زیاد بکرێت و لە خزمەتگوزارییە گشتیەکانیش بەهرەمەند بن. هەرێمی کوردستان بە کردەوە هەرێمێکی سەربەخۆییە و پەیوەندی فیدرالیزمی هەرێم بە بەغداوە، درۆیەکی راگەیاندن و گەمەیەکی بەناو یاسایی و دەستوری بی بنەمایە. بۆ بەغدا و دەسەلاتە تالانچی و میلیشیاییەکانیان، هەریمی کوردستان تەنها لە چوارچیوەی سەروەری و یەکپارچەیی عێراقدا، مانای هەیەو بۆ دەسەڵاتی ناسیونالیزمی تاڵانچی و مافیایی بزوتنەوەی کوردیەتیش عێراق تەنها هێندە عەزیم و پیرۆزە، کە داهات و بودجە و چەند پۆستکیان، پێ ببرێت...

چاوەڕوان مانەوەی موچەخۆرانی هەرێم، بە کێشمەکێشی بەغداو هەرێم بێهودەیە. ململانێی نێوان بەغدا و هەرێم، کە لە جەنگ و ململانێی مافیا و قاچاخچیەکان دەچێت، جێگای هیچ ئومیدێک نییە. کاتێک نەوت نرخی بەرزدەبێتەوە هەرێم ئامادەی رادەستکردنی بە بەغدا نییەو کاتێک نرخی دادەبەزێت ئامادەیی دەردەبڕیت بە رادەستکردنی بەبەغدا، بەڵام چونکە هەمیشە چاویان لە بەرزبوونەوەیەتی تا ئێستا بەرمیلێکیان نەداوە بە بەغدا، هەروەها کاتێک نرخی نەوت دادەبەزێت بەغدا مەبەستی وەرگرتنی نەوتی هەریمی نییە...

هەموو پێشبینیەکان ئەوە دەردەخەن کە بێ موچەیی و ململانێی نێوان هەرێم و بەغدا بۆ ساڵی ٢٠٢١ و ساڵانی دواتریش درێژەی دەبێت.

خەڵکی کوردستان بەگشتی و موچەخۆرانی هەرێم بەتایبەتی، بە گرتنەبەرێ رێگای تر کە ئیرادەو توانایی خۆیان بخاتە گەڕ و نیشان بدات دەتوانێت، کۆتایی بەو مەرگەسات و چاوەراونییە بۆ موچە بهێنێت...دیارە کێشەی نێوان هەرێم و بەغدا لە بنەرەتدا سیاسی و حقوقییە، مەسەلەی موچەو نەوت و غاز و ناوچە کیشەلەسەرەکان و ... هەموویان دەرهاویشتەی ئەو کێشە سیاسیەن. بەڵام بەهۆی گۆرانی پارسەنگی هیز و ئاڵوگۆر لە پێگەی بزوتنەوە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان لەناو خانەوادەی بۆرژوای عێراقیدا و داکشانی کێرڤی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد لەبەرامبەر بە بزوتنەوە قەومی و دینیەکانی عێراقدا ئاستی داخوازیی و تەماحەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، هێناوەتە خوارەوە بۆ موچە و ئەویش بە چەندین مەرج و ئەمماو ئەگەرەوە.

موچە بۆ جەماوەری بێبەشی کوردستان، کە زوربەی هەرەزۆریان موچە خۆرن، یانی ژیان... نەبوونی موچە یانی سەندنەوەی ژیان لێیان... بۆیە موچەخۆرانی هەرێم لە ناچاریدا ئەگەر بەغداش راستەوخۆ موچەیان بۆ بنێرێت، مافی خۆیانە تا درێژە بە ژیانیان بدەن...کەدیارە دابەشکردنی راستەوخۆی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم لەلایەن بەغداوە، ئامانجی سیاسی لە پشتەو ئەگەر بچیتە بواری جێبەجێکردنەوە، هێندەی تر دەستی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی کورت دەکاتەوە و پیگەی بەرەو لاوازتر دەبات، دیارە ئەمەش رێگاچارە نییە. ڕێگاچارە لەدۆخی ئێستادا دەستبردنی جەماوەری کوردستان و موچە خۆرانیەتی بۆ بەدەستەوەگرتنی ئەلگۆ و فۆرمی رێکخراو و یەککگرتوانەو داسەپاندنی بەسەر دەسەڵاتدا.

لەهەنگاوی یەکەمدا موچەخۆرانی ئەو بەشانەی داهاتیان هەیە لەوانە، هاتوچۆ، خەستەخانەکان، تاپۆ، کارەبا، ئاو، شارەوانی، کارمەندانی خاڵە سنوریەکان...تاد، پێویستە نوینەرانی خۆیان هەڵبژێرن و لەڕێگای نوینەراکانیانەوە لەو داهاتەی دەستیان دەکەوێت موچەی فەرمانبەران و پێداویستیەکانی خۆیان زامن بکەن و لەکاتی خۆیدا موچە دابەشی کارمەندەکانیان بکەن و داهاتی زایادەش لە سندوقی تایبەتی ئەو بەشانەدا هەڵبگیرێت. هەروەها مامۆستایان کە داهاتیان نییە، پێویستە هەرچی زووە رێکخراوەی مامۆستایانی سەربەخۆی خۆیان پێک بهێنن، تا تەواوی مامۆستایان بێ گوێدانە ئینتمای سیاسی و حزبی و ئایدۆلۆژی، لە خۆبگرێت و لە رێگای بایکۆت، مانگرتن، کۆبونەوە، خۆپیشاندان... گوشارەکانیان بۆ سەر دەسەڵاتی زونەکان زیاد بکەن و دەسەڵات ناچار بکەن، موچەیان پی بدات... پێویستە کەس و کاری خوێندکاران، پشتیوانی گەورەی مامۆستایان و داخوازییەکانیان بن، تا پرۆسەی خوێندن زیندو بمێنێ و بەردەوام بێت و منالّ و جگەرگۆشەکانیان، لە خوێندن دوانەکەون.

هاوکات خەڵکی کوردستان بەگشتی و چینی کرێکار و توێژە نەدارەکانی کوردستان بەتایبەتی، پێویستە لە رێگای هاتنە مەیدانی رێکخراو و فراوانیان و بە وەرێخسنی مانگرتن و خۆپیشاندان، یەخەی دەسەڵاتی سیاسی بگرن، تا داهاتی دەست بەسەراگیراو بگێرنەوە بۆ جەماوەری کوردستان و دەست بەسەر داهاتی تاڵانچیاندا بگرن و روبەرووی دادگاو لیپرسینەوەی جەماوەریان بکەنەوە. داهاتی خاڵە سنوریەکان ئەگەر لەدەستی پیاوان و بە کریگیراوانی دەسەڵات دەربهینریت و بخرێتە ژێر چاودێری و بسپێردرێت بە کەسانی دڵسۆ و جێگا متمانە و هەڵبژێردراوی جەماوەری دەتوانێت موچەی مامۆستایان و ئەو بەشانە دابین بکات، کە خۆیان سەرچاوەی داراییان نییە.

ئەم هەنگاوانە کردەین و قابیلی دەست بۆ بردنن... دەستبردن بۆ ئەم هەنگاوانە دیارە بەشێوەی رێکخراو بەنەخشەوە، دەتوانێت سەرەتای بەکردەوە دەرهێنانی نواندنی دەسەڵاتی لەخوارەوەی جەماوەری بێت و ڕێگای سەلبی دەسەڵات لە بزوتنەوەی کوردایەتی بێت. ئەمە هەنگاوێکی گرنگە بۆ گۆڕینی خواستی راماڵینی دەسەڵات بۆ بزوتنەوەی راماڵینی بەکردەوەی دەسەڵات...

ڕۆڵی رابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان، بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو کرێکاران، خوییێدکاران، لاوان و ژنان و.... لەو خەباتەدا، زۆر چارەنووسازە و لەوەش چارەنووسازتر رۆڵی کۆمۆنیست و بەرەو بلۆکی چەپی کۆمەڵگەیە، لەم خەباتەدا.

**کۆتایی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠**

## لە بۆپێشەوەوە

*** بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.**

*** بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.**

*** بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.**

*** درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.**

*** ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.**

*** هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...**

*** بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و رێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...**

# دزی و تالآنی ئاشکرا له زمانی خۆیانەوە

عەلی حەمە ساڵح پەرلەمانتاری فراکسیۆنی حزبی گۆڕان جارێکی تر کە لە پەیجی تایبەتی خۆی لە فەیس بوک ئاماژە بەدزیەکی تر دەکات و دەنووسێت "**بەهۆی هێنانی ماسی بەقاچاخ، هەزار حەوزی ماسی مایەپوچ بوون و هەزاران کەس جگە لەزیانی گەورە، بێکار دەبن، ئێستا کۆنتێنەرێک ماسی بە 2 هەزار و 500 دۆلار لە ئێرانەوە داخڵ دەکرێت و ٤٠٠ حەوزی ماسی مۆڵەتی لە وەزارەتی کشتوکاڵ هەیەو نزیکە ٦٠٠ حەوزیش تائێستا بێ مۆڵەتە.**



**ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد، کەسێک لەقەزای کەلار چەند ساڵە کاسبی دەکات، ٦٠ ملیۆن دیناری هەبوو، کردیە حەوزی ماسی، بەڵام قاچاخچێتی دەسەڵات مایەپووچی کرد..."**

جێگای بیرهێنانەوەیە، بەجیا لە عەلی حەمە ساڵح، چەندین ئەندام پەرلەمانی تر و دەیان و سەدان کادری حزبی و نووسەر و چاودیری سیاسی ڕۆژانە ئاماژە بە دۆسیەی دزی و تالآنی ئاشکرا دەکەن و بە بەڵگەو دیکیۆمێنت ئەو دزییە ئاشکرایەی کاربەدەستانی دەسەڵات و بنەماڵە دەخەنە ڕوو، کەچی دەسەڵاتی بڕیار بەدەستی حزب و بنەماڵەکانیان و کۆمپانیاکانی سەربەخۆیان مێشیش میوانیان نییەو و نەک هەر دەست لەو تاوانکارییە هەڵناگرن، بەڵکو ڕۆژانە پەل دەهاوێژن بۆ دزی تازەتر و داهێنانی نوێتر لە فەرهودکردندا. ئەمەش ئەو راستیە دەخاتە ڕوو، کە ڕێگای دەستکۆتاکردنی تالآنچیانی دەسەڵات، تەنها بە خستنەرووی دزییەکان، بە پەردە هەڵماڵین لە گرێبەستە نایاسایی و یاساییەکان بۆ کوڕانی دەسەڵات و بنەماڵەکان، بەشوێنێک ناگات، بەڵکو پێویستە جەماوەری تورەو ناڕازی لەدەسەڵاتی تالآنچی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی، بێنە مەیدان و خۆپیشاندانی نارەزایەتی بەدژی دەسەڵات و هاوکات بۆ سەر خاڵە سنورییەکان دەست پێبکەن و خۆیان چاودێری ئەو خاڵە سنوریانە بەدەستەوە بگرن و داهاتەکەشی بەرۆشنی بخەنە ڕوو وە بەنەخشەیەکی ورد، لە هەلومەرجی ئێستادا تەرخانی موچەی فەرمانبەرانی بکەن. تەنها جەماوەری ناڕازی بە گوشاری جەماوەری دەتوانن ڕێگە لەو هەموو تالآنیە بگرن و بە دیاریکردنی نوێنەرانی جەماوەری و دانانیان لە خاڵە سنوریەکان دەست بەسەر شتومەکی ئیکسپایەر و ماوە بەسەرچوو، شمەکی نایاساییدا بگرن و ڕێگە لە قاچاخچیان بگرن کە بەبێ باجی گومرکی بارەکانیان ئاودیوو بکەن.

# لەم مانگەدا ٣ کرێکار بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە گیانیان لەدەستداوە

* سەرەتای ئەم مانگە کرێکارێک کە خەڵکی کامیارانی کوردستانی ئیران بوو بەهۆی تەزوی کارەباوە لەشارۆچکەی تەوێڵەی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە، گیانی لەدەستدا... ئەو کرێکارە کە تەمەنی ٥١ ساڵ بوو، بە مەبەستی دابینکردنی ژیان و گوزەرانی بۆ کارکردن رووی لە کوردستانی عێراق کردبوو.

* بەرواری ٢٤ی ئەم مانگە مامۆستایەک لە قەزای بەردەڕەش بەهۆی تەزووی کارەباوە لە کاتی کارکردندا گیانی لەدەستدا، ئەو مامۆستایە لەپێناو دابینکردنی ژیانی لەم هەلومەرجە سەختەی گرانی و بێ موچەیەدا ناچار بووە لەپاڵ مامۆستایەتیەکەیدا کرێکاریی بکات.
* بەرواری ٢٥ ی ئەم مانگە، لاوێکی تەمەن سەرو بیست ساڵ، بەناوی فازیل کاکە وەیس، دانیشتوی شاری کەرکوک لەکاتی کارکردندا بەهۆی تەزووی کارەباوە گیانی لەدەستدا، جێگای باسە ناوبراو قوتابی پۆلی ١٢ ی ئامادەیی بوو، بەمەبەستی دابینکردنی بژێوی خۆی و خێزانەکە خەریکی کاری کرێکارر بوو...

هەموو ئەمانە قوربانی نائەمنی شوێنی کارو نەبوونی پێداویستیەکانی کارکردنن، کە خاوەنکار و کۆمپانیاکان لێی بەرپرسیارن، دەسەڵاتی سیاسیش کە دەسەڵاتی پارێزەری سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکانە، ئەو هەموو مەرگە رایان ناچڵەکێنێت و باکیان بە قوربانیانی شوێنی کار نییە کە ساڵانە بەسەدان کرێکار بەهۆی نائەمنی شوێنی کار و نەبوونی پیداویستیەکانی شوێنی کارەوە گیان لەدەست دەدەن یان توشی کەم ئەندامی و نەخۆشی درێژ خایەن دەبن.

# خۆپیشاندان لە شاری ناسرییە دەستی پێکردەوە

برسیتی و بێکاری، گرانی و دزی و راوروتی ئاشکرا، نەپرسینەوە لە بکوژی خۆپیشاندەرانی ساڵی رابردوو جارێکی تر بەشێک لە جەماوەری ناڕازی لە بەشیک لەشارەکانی عێرقدا ناچار کردووە بە دژی ئەم هەلومەرجە بێنەوە سەرشەقامەکان و دەست ببنەوە بۆ خۆپیشاندان و نارەزایەتی.



شاری ناسرییە یەکێکە لەو شارانەی کە جارێکی تر، جەماوەری تورە لەدەسەڵات و دەسەڵاتی میلیشیایی، لە پێناو خواستە رەواکانیاندا دەستیان داوەتەو خۆپیشاندان و رەوتی کۆنەپەرستی سەدریش وەکو هەمیشە، هەندیکجار لە ڕێگای خۆ هەڵواسین بە خواستی خۆپیشاندەرانەوەو هەندێک جاریش لە ڕێگای هیرشی بەڵتەجیەکانیەوە، دەیانەوێت خۆپیشاندەکان بە لارێدا یان سەرکوت بکەن... لەهەردوو حاڵەتەکەدا رەوتی سەدر لەپاڵ دەسەڵاتی سیاسییدا، بەردەوامە لە وەستانەوە بەرووی خۆپیشاندەران و خواستەکانیاندا. لەهیرشی ئەمجارەی پیاوانی رەوتی سەدردا بۆسەر چادرەکانی خۆپیشاندەران بەدەیان خۆپیشاندەر کوژراون و بەسەدانیش بریندار بوون.

**بۆپیشەوە، بەوێنەی زمانی تیژ و پاراو و سازشهەڵنەگری کۆمۆنیستی، بە وێنەی سەکۆی نارەزایەتی سۆشیالیستی و پێشکەوتنخوازی، وەکو مینبەری ڕۆشنکەرەوەی ڕەوتی خەباتی ڕەوای چینی کرێکارو بزوتنەوە رادیکاڵ و ئینسانییەکان، لەمەیدان دایە. بۆئەوەی بۆپێشەوە لە ڕاستای جێبەجێکردنی ئەو ئەرك و پەیامە گەورەو ئینسانیەدا، سەرکەوتوبێت... پێویستی بە هاوکاری بەردەوامی کۆمۆنیستەکان و تەواوی بەرەی چەپ و پێشکەوتنخوازو ئازادیخوازی کۆمەڵگە هەیە...**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# ڕێکخراوبوونی هێزی چەکدار لەبزوتنەوەی شورایی دا



عبدالرحمن رسول

دیارە خودی مەسەلەی یەکخستنی هێزی پێشمەرگە زۆر جارباس کراوە, بەڵام باسکردنی ئەم جارە زۆر جیاوازە و تێکۆشانی جیاوازی دەوێت، چونکە ڕێکخراوبوونی هێزەکانی پێشمەرگە لەناوبزوتنەوەی شورایی دا پێشتیوانێک و هاوکارێکی بەهێزی سەرکەوتنی نارەزایەتی و تێکۆشانی جەماوەری خەڵکە بۆهێنانەدی نان، کار، ئازادی, ئیدارەدانی شورایی. ئەم هەنگاوەش بەبێ تێکۆشانی هاوبەش و یەکگرتوانە بەئەنجام ناگات. بۆیە پێویستە پێشمەرگە و پلە دارو بەرپرسانی هێزی پێشمەرگە و زێرەڤانی و بەشەکانی تری چەکدار و سەربازو پۆلیس بەئیرادەیەکی بەهێزەوە دڵسۆزانە ئەگەر ناڕازین بە چەوسانەوەو دزی و گەندەڵی و سەرکوتی خەڵک ببنە بەشێک لەهێزی نارەزایەتی خەڵک و پارێزگاری لەخەڵکی ناڕازی بکەن. ئایا ڕاستگۆیانە پارێزەری خەڵکی کوردستانن یان پارێزەری گەندەڵکاران و دزو چەوسێنەران؟

هەرچەندە هەموو لایەک دەزانێت پێشمەرگە شەڕی لەدژی تیرۆریستانی داعشی ئیسلامی کردووە و قوربانی زۆری داوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەم هێزو سوپا گەورەیە کە ناسراوە بە پێشمەرگە ماوەی چەندین ساڵە بەشێکی کاریگەرە لە سوپای دەسەڵاتداران دژی خەڵکی ناڕازی چەوساوە، هاوشان لەگەڵ پۆلیس و ئاسایش، خەڵکی خۆپیشاندەرو ناڕازی لەسەر خیابان و شەقامەکان بە زەبری دارو فیشەک سەرکوت کردووە. ئەم هێزە چەکدارانە دیوارێکی بەرزیان بە دەوری ستەم و دەسەڵاتی دزو گەندەڵکاریدا هەڵچنیوە بۆپارێزگاری کردنی ئەوجۆرە سیستەم و دەسەڵاتە چەوسێنەرە دڵسۆزانە لەبەرامبەر هێزی ناڕازی خەڵک بەسەرکوتکردن وەستاونەتەوە. پێویستە لەپێناو گۆڕانکاری و هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشتر پێشمەرگە لەداهاتوو ئەمە پێچەوانە بکاتەوە، چیتر لەبەرامبەر خەڵکی ناڕازی وخۆپیشاندەرو چالاکوان و ڕۆژنامەنووس و هەڵسوڕاوانی ئازادیخواز نەوەستێتەوە، باشترین هەنگاو ئەوەیە بچیتە پاڵ هێزی خەڵکی ناڕازی کۆمەڵگەکەی. ئەوەی لەبیربێت کە هاوسێ یەکەی یان خزمەکەی یاخود هاوشاری یەکەی لەناچاریدا دەست بۆ نارەزایەتی وخۆپیشاندان دەبات، بەهۆی هەبوونی سفرەی خاڵی و برسێتی و بێکاری و بێمافییەوە، چ جۆرە ویژدانێکە سەرکوت بکرێت و تەقەی لێ بکرێت و بکوژرێت و بریندارو کەم ئەندام بکرێت بەفیشەک و تفەنگی ئێوەی چەکداری پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە و زێرەڤانی، تاکەی ویژدانی مرۆڤایەتیتان ناجوڵێت بۆ بەرگری لەماف و ئازادی مرۆڤایەتی ئەو خەڵکە هەژارو چەوساوەی کوردستان؟! ئێوەش مرۆڤن پێویستە مرۆڤایەتی بوونی خۆتان بەکردار نیشان بدەن کەبەرگری لەتێکۆشانی هێنانەدی ژیانێکی باشترو نوێتر دوور لەچەوسانەوەو سەرکوت بکەن شان بەشانی خەڵکی ناڕازی. ئێوەش چەوساوەی دەستی ژێر دەسەڵاتی ئەو جۆرە ڕژێمە کۆنەخوازو چەوسێنەرن لەکوردستان، ئێوەش گیرتان خواردووە لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی چەوسێنەرو کۆنەخوازو دزو گەندەڵی عێراق و کوردستان. هەرچەند ساڵ جارێک یان هەموو ساڵێک شەڕێکتان بەسەردا دەسەپێنن و دەتان کەن بەقوربانی، بەچەندین پێشمەرگە بەهۆی بێ پارەیی و هەژاری کە نەی توانیوە کرێی خانوویی بدات یان قەرزەکەی بداتەوە یان ماڵ ومنداڵ وخێزانی بەخێو بکات بەداخەوە خۆی کوشتووە، یان خۆی خنکاندووە بەچەندین چیرۆکی ڕاستەقینە ڕووی داوە لەسەر ژیانی پێشمەرگەو زێرەڤانی و پۆلیس کەبەهۆی بێ پارەیی لەخێزانی جیابۆتەوە. یاخود لەکاتی گەڕانەوەی بۆ دەوامی فەرمی پارەی کرێی سەیارەکەی پێ نەبووە و قەرزی کردووە. لەکاتێکدا خاوەن خێزان و منالێش بووە. ئەم ڕووداو چیرۆکانە لەڕاگەیاندنەکانەوە باس کراوە و بڵاوکراوەتەوە. دەتوانین بڵێن پێشمەرگەو زێرەڤانی و پۆلیس چەوساوەی دەستی هەمان ڕژێمن کەخەڵکی کوردستان لێی ناڕازی یە. پێویستە ئەوە بزانن لەئێستادا دەتوانن ئێوەی هێزی چەکدار بۆ هێنانەدی ئاسۆیەکی نوێ کە کۆمەڵگەی کوردستان لەم سەرگەردانی وقەیراناوی یە ڕزگاری بێت هاوکاربن و هاوپشت بن. بەهاوپشتی ئێوەی پێشمەرگە و زێرەڤانی وگەریلا و چەکدارو پۆلیس شانبەشانی هێزی ناڕازی و کرێکارو چەوساوە هەرچی زووترو خێراتر بگەین بەهێنانەدی نان، کار، ئازادی، ئیدارەدانی شورایی. ئەگەرئێوە لەگەڵ نەبن ویژدانتان نەجوڵێ و زیندوو نەبێت، هەر بەردەوام بەرگری بکەن لەسیستەم و دەسەڵاتی دزو گەندەڵکاران و کۆنەخوازو چەوسێنەران، ئەوا کاروانی تێکۆشانی خەڵکی ناڕازی کرێکارو چەوساوە بۆهێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشتر و هێنانەدی نان، کار، ئازادی ئیدارەدانی شورایی دا، دوا دەکەوێت لەگەڵ دواکەوتنی ئەم تێکۆشانەدا ئێوەش باجی قوربانی و چەوسانەوە دەدەن و کەسوکارو خزمەکانتان لەهەژاری و بێکاری و برسێتی و ئاوارەیی دا دەگوزەرێن. هەروەها ئەم تێکۆشانە ئینسانی یەش سات دوای سات بەهێزتر دەبێت و ناوەستێت هەتا هێنانەدی دەسەڵات و حکومەتی شورایی کەتێدا بەبێ جیاوازی هەمووان دەستیان دەگات بە نان، کار، ئازادی. بۆیە پێویستە لەقۆناغی ئێستادا پێشمەرگە و زێرەڤانی و گەریلا و پۆلیس و ئاسایش ئەم هەلەی ئێستا لەدەست نەدەن، چونکە زۆرینەی خەڵکی کۆمەڵگە ناڕازی یە لەوجۆرە سیستەم و دەسەڵاتەی کوردستان و عێراق، ڕۆژ دوای ڕۆژیش ئەم نارەزایەتییەی خەڵک بەهێزترو گەشە دەکات هەتا ڕۆژێک لەتێکڕا لەداهاتوو دەبێتە بورکان و تۆفانی شۆڕش و ڕاپەڕین، ئەوکات ئەگەر لەگەڵ خەڵکی ناڕازی ئێستا نەبن ئەوکات شەرمەزاری خەڵک زۆر زیاتردەبن. هەرچەندە ئەم هێزە چەکدارانە سەرجەمیان لە منداڵدانی حیزبەکانەوە دروست بوون کە حیزبەکانیش لەقۆناغی دەرەبەگایەتی و عەشیرەتی یەوە دامەزراون کەئێستاش بەهەمان نەفەسی خێڵایەتی حیزبایەتی دەکەن، بۆیە هێزی پێشمەرگەش زۆر جار بۆتە قوربانی ململانێی نێوان حیزبەکان. ئەگەر هێزی پێشمەرگە و هێزی سەربازی هێزی چەکداری ڕاستەقینە و دڵسۆزی خەڵکی کوردستانن دەبێت بەکردار خزمەت بەکۆمەڵگە بکەن، لەبەرژەوەندی خەڵکی کۆمەڵگەکەی چەک بکەنە شانیان. ئەم هێزە چەکدارانەی ئێستا هەن نەیان توانیوە بە کردار ئەوە بسەلمێنن کە لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان چەکیان کردۆتە شان. لەگەڵ ئەوەی خوێنی زۆریان ڕشتووە و قوربانی زۆریان داوە و زۆریش ماندوون، بەڵام هەموو تێکۆشان و ماندووبوونیان خراوەتە خزمەتی حیزب و بەرپرسە باڵاکانیان ئەمەش لەبەرئەوەی زیاتر بەردەوام بەرژەوەندی بەرپرسەکانی حیزبەکانیان پاراستووە و فەرمان وبڕیاری سەربازیان بەپێی بەرژەوەدی و سوودی حیزب جێبەجێ کردووە، هەربۆیەش زۆر جار بەرگرییان لەپاراستنی بەرپرسێکی دزو گەندەڵ کردووە. هەرگیز حیزبەکان لەخەمی ئەوەدا نەبوون کە ئەم هێزەی زۆرەی پێشمەرگەی حیزبەکان بکەن بەیەک هێزی سەبازی حکومی، ئەو مۆدیلەی لەکوردستانەدا هەیە کەلەلایەک پڕوپاگەندەی حکومەتداری بکرێت لەلایەکیش مانۆڕو نمایشی چەکداری حیزبەکان بکرێت و بەهێزی چەکدار سەرکوتی ئازادییەکان بکرێت و بەنادیاری و بەبێ ئاگاداری دادگاکان ڕۆژنامەنووس و هەڵسوڕاوانی سیاسی و چالاکوانانی مەدەنی بەشەو و بەڕۆژ بێ سەروشوێن بکرێت لەلایەن هێزی چەکداری دەمامکدارەوە کەلەلایەن بەرپرسێکەوە ڕاسپێردراوە بۆهێرشکردن و شوێن بزرکردن یان کوشتن. لەهیچ وڵاتێکی نیچمە پێشکەوتووشدا نییە بەناوی هێزی حکومەتەوە، بەڵام دابەشکراوە بەسەر هێزەکانی حیزب و خێڵ دا. هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و حیزبەکانی تر هەر هێزێک ناوچەیەکی دیاریکراویان پاوان کردووە بۆخۆیان. هەرکاتێک بەرپرسی باڵای حیزب بڕیاریاندا ئەو هێزە دەجوڵێنن مانۆڕی چەکداری پێدەکەن یان هێرش دەکەن سەر حیزب و کەسانی مخالیفی سیاسی حیزبەکەی یان ئەمەش نەک بەبڕیاری وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە، بەڵکو بە بڕیاری بەرپرسی باڵای حیزبەکەیە. بەدرێژایی ئەم چەندەها ساڵەی دەسەڵاتی حیزبەکانی کوردایەتی بەناو ئیدارەدان وبەڕێوەبردنێکی حکومی هەبووە، بەڵکو لەناوەڕۆکدا بەپێی هەبوونی هێزەکانی حیزبەکان دابەشکراوە بەسەر چەند ناوچەی جیاواز. لەساڵانی نەوەتەکانی ڕابردوو ئیسلامییەکان و یەکێتی و پارتی و سۆشیالیست و شیوعی و حیزبەکانی تر هەریەکەیان ناوچەیەکی مۆنۆپۆل وپاوان کردبوو. لەئێستاشدا بەهەمان شێوە، کوردستان کراوە بەسێ ناوچەی جیاواز بەپێی هێزی چەکداری حیزبەکان دابەشکراوە. ئەوانیش پارتی و یەکێتی و پەکەکەیە. ئەم دابەش کاری یە هەرگیز خواستی خەڵکی کوردستانی لەسەر نییە، بەڵکو ئەمە زیان بە بەرژەوەندییەکانی خەڵک دەگەیەنێت، کەزۆرجار بەهۆی ململانێی سیاسیان شەڕیان لەگەڵ یەکتری ئەنجامداوە دیلەکانی یەکتریان کوشتووە و هەوادارو کادری یەکتریان بێ سەروشوێن و تیرۆرکردووە خەڵک و هاوڵاتی بۆتە قوربانی شەڕەکانیان. لەقۆناغی ئێستاشدا کەسوکارو خانەوادەی بێ سەروشوێنکراوان بۆ دۆزینەوەی چارەنووسییان سەردانی بەرپرسانی باڵای ئەوحیزبانە دەکەن سکاڵاو داواکارییان پێشکەش دەکەن کە کوڕ و براو هاوسەریان لەشەڕی نێوان حیزبەکاندا بێ سەروشوێن کراوە، هەتا ئێستا هیچ هەواڵی نییە، بەڵام هەروەک ساڵانی ڕابردوویان هیچ وەڵامێکیان دەست ناکەوێت، تەنانەت جەنازەو تەرمەکانیشیان نادەنەوە، ئەمەش زیاتر ئەگەری ئەوەی هەیە کەلەکاتی شەڕدا لەشاخ و دۆڵەکان بەدیلی کوشتوویان و شوێن بزریان کردوون، ئەمەش دەری دەخات کەئەم حیزبانە ئەوەندە فاشیانە حیزبایەتی و سیاسەتیان کردووە کە بەهیچ جۆرێک ڕەچاوەی یاساکانی مافی مرۆڤ لەجەنگ و شەڕەکانیاندا نەکراوە.

هاوشیوەی ساڵانی ڕابردووی شاخیان هێزی پێشمەرگە لەژێر بڕیارو ڕاسپاردەی حیزبەکاندایە، هەرکات حیزب تووشی ململانێی سیاسی بوو لەگەڵ حیزبێک بەبێ گەڕانەوە بۆ بڕیارەکانی حکومەت هێزی ئامادەی شەڕ دەکات لەگەڵ حیزبی مخالیفی خۆی. کەواتە ناکرێت هیچ چاوەڕوانێکی باشبوون لەم حیزبانەی دەسەڵات و بەناو ئۆپۆزیسیۆن بکرێت. ڕۆژ دوای ڕۆژیش کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو دواوە دەگێڕنەوە بەسەرکوت و چەوسانەوە و دزی و گەندەڵییەکانیان، باشترین نەخشە ڕێگاش ئەوەیە لەخوارەوە، لەناو نارەزایەتی خەڵکەوە دەست بەچاندنی هیوا و ئومێدی هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشتر بکرێت لەلایەن خودی خەڵک خۆیەوە. هەربۆیە پێویستە ئەگەر کە پێشمەرگە دڵسۆزی خەڵک و کۆمەڵگەیە هاوکارو پشتیوانی سەرکەوتنی ئەونەخشە ڕێگایە ئینسانییە بێت. کەپێویستە پڕۆسەی نوێ کردنەوەو گۆڕانکاری و داڕشتنەوەکە لەخوارەوە، لەناو خەڵکەوە دەستپێبکات، نەک لەحیزبەکان، لەبەرئەوەی ئەم حیزبانە توانای چاکبوونەوەو گۆڕانکاریان نەماوەو قۆناغیان بەسەرچووە، بەهیچ جۆرێک ناتوانن خۆیان نوێ بکەنەوە وبەرەو قبوڵکردنی لایەنی کەمی دیموکراسی سەرمایەداریش هەنگاوبنێن، لەبەرئەوەی هەلی تێکۆشانی مێژووی خۆیان وەرگرت، نەک نەیانتوانی کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو پێشەوە بەرن، بەڵکو زۆر بەخراپی دووچاری زۆرترین نەهامەتیان کردو لەهەموو ڕوویەکەوە وێرانیان کرد، بەمرۆڤەکان و ژینگەوە بەتەواوی تێکیان شکاندن و لەناویان برد، ئیرادەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی ومرۆڤایەتی یان بەردەوام ویستوویانە بەکرداریان لەناوی بەرن و لاوازی بکەن. لەلایەکی تر بەرژەوەندی ئەو حیزبانە وا تێکەڵ بەبەرژەوەندی دەوڵەتانی کۆنەپەرست و فاشیزم بووە کەهەرگیز ناتوانن دەستی لێ هەڵبگرن. بۆیە بەناچاری پێویست دەکات تێکۆشان بۆڕوخانی سیستەم و دەسەڵاتی کۆنەخوازو چەوسێنەریان گەشەی پێ بدرێت و ئامادەباشی زیاتری دڵسۆزانەی بۆبکرێت. لەڕێگەی گەشەدان و بەهێزبوونی بزوتنەوەی شورایی کەبزوتنەوەیەکی خەڵکی ناڕازی لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو بیکات بەیەک بزوتنەوەی بەهێزی خەڵکی ناڕازی کوردستان کەئامانجی ڕوخان و هەڵپێچانی ئەم نیزام و سیستەم و دەسەڵاتە بۆگەن و کۆنەخوازو چەوسێنەرو دزو گەندەڵە بێت، لەدواییدا دەسەڵاتی خەڵک کە بەئیدارەدانی شورایی لەکۆمەڵگە جێگربکرێت. خودی خەڵک خۆی بتوانێت زۆر بەباشی چاودێریش بێت بەسەر هەنگاوەکانی حکومەتی شوراییدا.

# بە شودان یاخود فرۆشتنی ژنان وەك كاڵا

نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی




هەبێ بەسەر مێژوو و شارستانیەتی ولاتەکان دەبینین، هەرچەند بە خەستی باس لە پێشکەوتنەکانی دونیای هەنووکەیی دەکرێو وەک باشترین ئەلتەرناتیڤی دونیای نەریتی دەینرخێنن‌و بە توندی رەخنە ئاراستەی سیستمە کۆیلەدارییەکانی پێشووتری قۆناغی مودێرنیزم دەکەن، بەڵام کەمتر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ژینگەی مرۆڤایەتی سەردەمی سەرمایەداری، وەک کۆیلەدارەتییەکی نوێ شرۆڤەی بەرانبەر دەکرێ. سیستمی کۆیلەداری مۆدێرن بەسەر زۆر پەیوەندی ژیانی ئینسانی ئەم سەردەمەدا زاڵەو لە هەر رەهەندێکەوە، بە ناخیدا رۆبچیتەوە، دیاردەی کۆیلەداریێتیمان پتر بۆ زەق دەبێتەوە. مۆدێرنیزم، پێشکەوتن، بە پیشەیی بوون، ماشینی بوون‌و...کۆمەڵێک دەستەواژەی پەیوەست، پەردەیەکی بەرین‌و ئەستوریان بەسەر هەڵوێستی مرۆڤی رزگاریخوازدا کێشاوە کە بەشی زۆری ئەم یاسا دەستکردییانەی بە دڵ نییە و هەموو هەوڵی خستۆتە گەڕ ئەو یاسا دژە مرۆڤیانە بگۆڕێ. دیکتاتۆری سامان بە سەر ژیانی هەنووکەیی مرۆڤی هەزارەی سێهەمی زایینی، ئەنجامی دۆخێکە کە مەترسی تێداچوونی شارستانییەت‌و دەسکەوتە کەلتوورییەکانی ئینسانی بێ بایەخ کردووە.. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەردەم بۆتە شوێنی ڕمبازێنی ولاتە زلهێزەکان بۆ دەستڕاگەیشتنیان بە وزە و کانگا ژێرزەوینیەکانی ئەو ناوچانە. شەڕ و ماڵوێرانی و هەژاری هەردەم دیاری دەوڵەتانی زلهێز بووە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەوە سەروەت و سامانی ئەو بەشە بە تاڵان بەرن و قازانجی لێ ببینن. سەرمایەداری لەو بەشە دوو وەسیلەی مەترسیداری ئایین و پیاوەزنی هەیە بۆئەوە بەشێک لە هێزی کارامە بخزێنێتە کونجی ماڵەوە. لە زۆربەی ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی ئایین نەخش و ڕۆڵی گرینگی لە ژیانی تاک هەیە. پیاوسالاری و ئایین تەنگی بە کۆمەڵگە هەڵچنیوە و ژنان و پیاوانی کردووە بەقوربانی. لە ناو سیستمە دیکتاتۆر و دواکەوتوو و عەشیرییەکان تاک هەردەم قوربانیە و شیرازەی بنەماڵە وەک یەکەیەکی بچووکی کۆمەڵایەتی شێواوە، وتمان بەو وەسیلە و کەرەسەی کە سەرمایەداری خواستیێتی و بە کاری دەبا، چوونکە پەیوەندی بنەماڵە و بە گشتی مرۆڤەکان لە سەر ئەساسی پێویستی مادی و کۆمەڵایەتییە، نەک خۆشەویستی. پەیوەندیەک کە ئامانجی تەنیا بەرژەوەندی سیستمە نەک تاک و کۆمەڵگە. بێگومان هەردوک تاکی کۆمەڵگە بە ژن و پیاوەوە قوربانی ئەو سیستمەن، بەڵام ژنان کە هەردەم لە لایەن ئایینەکانەوە چوارچێوەی دەسەلاتیان بەرتەسک کراوەتەوە وچەوساونەتەوە لەو کۆمەڵگەیانەی کە سیستمی عەشیرەیی و ئایینی هەیە زیاتر بوونە قوربانی. ئەگەر بمانەوێ باس لە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بکەین و بیدەینە بەر شرۆڤە بێ گومان لە بابەتێکی ئاوادا ناگونجێ ئەوەی مەبەستی ئەم وتارەیە دیاردەیەکە لە هەرێمی کوردستان کە لە ولاتانێکی وەک ئێران وعەرەبستان وتورکیەش بوونی هەیە. هەرێمی کوردستان لەسایە سەری دەسەلاتدارە گەندەڵ و عەشیرەییەکان کە هەردەم پڕوپاگەندەیان بۆ ئایینی قیزەونی ئیسلام کردووە و هەمیشە هەوڵیان داوە دەسەلاتی ژنانی کوردستان ئەو توێژەی کە ساڵەها بۆ نەمانی دیکتاتۆری خەباتی کردوە و لە سەنگەری پیشەوەی خەبات دژ بە دواکەوتویی دابوون و هەن بەرتەسک بکەنەوە. دەسەلاتی هەرێم بە ئامانجەوە بواری بۆ حیزبە ئایینی و ئیسلامی و دواکەوتوەکان رەخساند تاکوو پڕوپاگەندە بۆ چەواشەکاری و دواکەتویی بکەن هەر بۆ ئەم مەبەستەش بە دەیان مزگەوتی لەو ولاتە دروست کرد و دەیان مەلای دواکەوتووی ڕاسپارد لە مینبەری خورافەو نەزانی فتوا بە دژی مرۆڤەکان دەرکەن و مێشکیان بشۆنەوە. ژنانی کوردستان هەمیشە لە لایەن سیستم و دەسەلات و لە ڕێگای مەلا ئایینی و دواکەوتووەکانەوە کەوتونە بەر تانوت و توندوتیژیان بەرامبەر کراوە، ڕۆژانە لە مزگەوتەکان و ماڵەکانی خورافە مێشکی خەڵک دەشۆردڕێتەوە و بەردەوام ئەوە دەرخواردی خەڵک دەدرێ کە ژنان موڵکی سەرەکی پیاون و بەو جۆرەی ئایینی قیزەونی ئیسلام پەسندی دەکا دەبێ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ. ئایینێک کە فرە ژنی بۆ پیاو بە ڕەوا دەزانێ بەڵام کچانی کوردستان بە تاوانی خۆشەویستی دەکوژێ. ماشێنی سەرکوتی ژنان لە هەرێمی کوردستان بەناوی شەرع و خوا و ئیسلامەوە دەمێکە وەگەڕ کەوتووە، ڕۆژانە بە پیی ئامارەکانی خودی دەسەڵات ژنان و کچانی کوردستان بە تاوانی خۆشەویستی و ملکەچ نەبوون بە داب و نەریتی کۆمەڵگەی چەقبەستوو دەکوژرێن. بیر و بۆچوونێکی دژە ژن کە تەنانەت سنوورەکانی هەرێمیشی بەزاندووە و پیاوانی ئەو ولاتە لە ولاتانی رۆژئاواییش هەر بەو بیر و بۆچونە مامەڵە لەگەل هاوژینەکان و ژنانی بنەماڵەیان دەکەن و توندوتیژی وەک پرسێکی ڕوالەتی سەیری دەکرێ و زۆرجار ئاستی توندوتیژیەکە ئەوەندە مەترسیدارە کە خۆی لە کوشتنی ژنان لە دەرەوەی ولاتیش دەبینێتەوە. توندوتیژی و سوکایەتی بە ژنانی کوردستان لەو ولاتە وەک پرسێکی رواڵەتی لێ هاتووە و ئەگەر بمانەوێ لێرە باسی هەموو لایەنەکانی بکەین بێگومان نەک وتارێک، بەڵکوو بە دەیان کتێب لەخۆی دەگرێ، بەڵام ئەوەی کە هانی دام ئەو وتارە بنوسم دیاردەیەکی قیزەون و دواکەوتویە بە ناوی زوو بە شودان و لە ڕاستی دا فرۆشتنی کچانی کەم تەمەنە بە پیاوانی بە تەمەن و دووژنە و سێ ژنە. ماوەیەکە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان سەرقاڵی تاووتۆی بابەتی بە شوودانی کچانی ژێر تەمەن بە پیاوانی بە تەمەنە کە زۆربەیان زیاتر لە دوو ژنیان هەیە. ئاستی کارەساتەکە ئەوەندە بەربڵاو و دیارە، تەنانەت ڕاگەیاندنەکانی خودی دەسەلاتیش ناتوانن نکوڵی لێ بکەن و بە بەرنامە و ئامانجەوە بە دواداچوون بۆ ئەو کەیسانە دەکەن کە لە خودی دەسەڵاتەوە خۆی خزاندۆتە ناو خەڵکی ئەو وڵاتەوە. کچانی هەرێمی کوردستان بە ناوی شەرع و ئایینەوە بوکەشوشەی دەستیان لێ وەردەگیرێ و خۆیان دەکەنە بووکی پیاوانێک لە ڕەنگی مەلا و مزگەوتە تاریکەکان و دەستدرێژیان دەکرێتە سەر. بە پێی ئایینی ئیسلام جسمی کچێکی نۆ سالان ئامادەی سێکسە و پیاو دەتوانێ بە پێی خواستی خۆی دەستدرێژی بکاتە سەر. ئایینێک کە خۆشەویستی بۆ ژنان بە تاوان دەزانێ و سزای بەردباران و کوشتنی بۆ مافی ژنان داناوە بەڵام دەستدرێژی بۆ سەر کچانی کەم تەمەن لە لایەن پیاوانەوە بە ڕەوا دەزانێ. سەرەرای پەردەپۆش کردنی ئەو پرسە ناڕەوا و دژە ژن و دژە مرۆڤیە لەلایەن دەسەلات و خەڵکی دواکەوتوو، بەڵام چالاکانی بزوتنەوەی یەکسانی وەک هەمیشە هاتنە مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ زوڵم و زۆر و ئەو کەسانەی ئەو کردەوە قیزەونەیان ئەنجام دا بوو، بۆیە تۆمەتباریان ناچار کرد داوای لێ بووردن لە خەڵک و ژنان بکەن وچەندین نمونە لەو تاوانانەیان هەڵوەشاندەوە. ئەوەی کە ئەو بارودۆخە خوڵقاندووە بێگومان دەسەڵاتە کە بۆتە هۆکاری کەم داهاتی و بی دەسەڵاتی بنەماڵەکان کە کچانی خۆیان لە ژێر ناوی مارەیی بفرۆشن، زۆرجار بۆ بڕە پارەیەک و زۆر جاریش بۆ ئەوە نان خۆرێک کەم بێتەوە. هەموو لایەک ئاگادارین هەژاری ئابووری بێگومان هەژاری کلتوریشی بەدوا دەبێ، بۆیە هۆکاری ئەو چارەرەشی و هەژاری وبێ دەرەتانیەی خەڵک لە هەرێم دەسەلاتی هەرێمی کوردستانە. خەڵکی هەرێم دەبێ باش بزانن وەک چۆن توانیان بەر بە دواکەوتوویی بگرن و ئەو هاوسەرگیری و تاوان و دەستدرێژیە هەڵوەشێنەوە ئەگەر یەکگرتوتر بێنە مەیدانی خەباتەوە، دەتوانن ئەو دەسەلاتە هەڵتەکێنن و سیستمێکی مرۆڤی دامەزرێنن. بێگومان خەڵکی ئازادیخوازی هەرێمی کوردستان ملکەچی ئەو دەسەلاتە دژە مرۆڤە نابن و تا ڕوخانی یەکجارەکی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵە لە بەرەی پیشەوەی خەبات دا دەبن. بە هیوای ئەو ڕۆژەی دواکەوتوویی و زوڵم و زۆر لە هەرێم بنبڕ بکرێ و سیستمێکی مرۆڤ تەوەر کە ئامانجی هێنانە دی ژیانێکی ئینسانی و یەکسان بۆ ژنان وپیاوانی ئەو وڵاتەیە بێتە ئاراوە...

# کێشەی فەیسبوک، فەیسبوکە!

نووسینی: نیکۆلاس کۆر

بێت، نەبوونە لەناو دنیای فەیسبوکدا! ئەمە تەنها ئەنجامێکی ڕوونە کە دەتوانرێت لەم مشتومڕانەی کۆتایی بەدەستبهێنرێن، کە لەبارەی خۆشەویستترین تۆڕی کۆمەڵایەتی لە جیهاندا، واتە فەیسبوک، ئەنجامدراون. لەگەڵ ئەوەی سنوری حەرەمی کەسی مرۆڤەکان دەبەزێنێت، لەگەڵ ئەوەی پانتاییەکە بۆ بڵاوکردنەوەی درۆ و تۆمەت، لەگەڵ ئەوەی ڕەخنەی توندی سیاسییەکان و ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی لەسەرە، کەچی هێشتا فەیسبوک قەبارەیەکی گەورە لەکات و ئاگایی مرۆڤەکان قووت دەدات. نوێترین ڕاپۆرتی دارایی کۆمپانیای فەیسبوک، کە لەپاش ڕیسوایی (کامبریج ئانالتیکا ١) و جووڵانەوە تویتەرییەکەی (هاشتاگی فەیسبوک بسڕنەوە) بڵاوکرایەوە، ئەوە دەردەخات کە فەیسبوک لەماوەی تەنها چوارمانگی سەرەتای ئەمساڵ ملیۆنان ئەندامی نوێی بۆ زیادبووە و قازانجی ڕیکلامیی کۆمپانیاکەش بەڕێژەیەکی سەیر ڕوو لەبەرزبوونەوە بووە. فەیسبوک هەنووکە بۆ باشترین هاوڕێیەکی دوژمن گۆڕدراوە. (سیڤا ڤیتیاناتن)، مامۆستای زانکۆ لە ڤێرجینیا لە کتێبی (ئەنتی سۆشیال میدیا)دا ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل و ورد لەبارەی تاوانەکانی فەیسبوک بەدەستەوەدەدات. هەرکەس پەیگیریی هەواڵ لەبارەی ئەم کۆمپانیایەوە بووبێت، زیاتر ئاشنای ئەم ڕەخنانە دەبێت. تایبەتمەندیی دیاری ئەم کتێبە، بریتییە لە لێهاتوویی ڤیتیاناتن لە هێنانی پرسی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ناو پانتایی بەرینتری »یاسا و مێژوو و سیاسەت .«بۆ نمونە سیڤا، ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بۆچی مشتومڕەکانی ئێمە دەربارەی حەرەم و سنوری تاکەکەسی، هێندە بێ ئاکام و بێ ئەنجامن. بەگوێرەی بەندی چواری دەستوری ئەمریکا، «حەرەمی شەخسی و سنوری تایبەتیی کەسەکان» لەسەر بنەمای (قەدەغەکردنی پشکنین و دەستبەسەرکردنی بێ هۆ) پاساودراوە، کەواتە حەرەمی شەخسی و سنوری تایبەتی بەگشتی لەسەربنەمای مەفهومی مافی سنوردار، هەڵدەسەنگێنرێت. بۆیە، ئەوەی لەپەنا و خەڵوەتدا ئەنجامی دەدەین، لەبەرامبەر چاوی فزووڵ و لێپرسینەوەدا پارێزراوە. بەڵام ئەوەی لە شوێنی گشتی و بەبەرچاوی گشتییەوە ئەنجامی دەدەین، دەکەوێتە ناو سنوری دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەوە. ئێستا ئەو زانیاری و داتا تایبەتییە شەخسییانەی کە سەردەمانێک خەڵک لە قاسە و چەکمەچەی ماڵەوە دەیانپاراست، لە فەزای بەرینی مەجازیی کۆمپانیا گەورەکاندا هەروا بەئاسانی بەردەستن. لێرەوە چیتر تایبەتمەندییە کۆنەکانی مافی حەرەم و سنوری تایبەتی کەسەکان لەناوچوون، ئیتر هەموو شت لە بەردەم مەترسیی لێپرسینەوەدایە. لەڕووی یاساییەوە، لێکەوتەکانی ژیانی ژێر چاودێریی بەردەوام، هیچ گرنگی و مانایەکی نییە. ئێمە سەرنجی ئەو پرسە نادەین کە لەژێر چاودێریدا بوون و پۆلێنبەندکردن، چۆن دەتوانێت سوکایەتی بێت بۆ شان و شکۆی مرۆڤ. لەبەرچاونەگرتنی لایەنی ئەخلاقی سنوری تایبەتیە کەسییەکان، لە سودی فەیسبوک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تره. ئەم کۆمپانیاگەلە، توانیویانە پرسەکانی بواری سنوری تایبەتیی کەسەکان، لەڕێگەی هێنانەپێشەوەی پرسی هەڵبژاردنی بەکارهێنەرەوە، دیزەبەدەرخۆنە بکەن. بەم جۆرە سنوری تایبەتیی و حەرەمی شەخسیی کەسەکان دەبێتە شتێک، کە دەبێت لەگەڵ ئەپڵیکەیشنەکاندا، مامەڵەیان پێوە بکەین. (داونلۆدی هەر ئەپڵیکەیشنێک، پێدانی زانیاری و کۆد و ڕەمزی شەخسیی مرۆڤەکان و ناو و شوێنی ژیانیانی پێویستە). ئەم ڕەخنەیەی ڤیتیاناتن لە فەیسبوک، توند بەڵام دادپەروەرانەشە.

ئەو هەندێک لە پڕوپاگەندە پڕ لە زیادەڕەوییەکان دەربارەی کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕای گشتی ڕەتدەکاتەوە. لەدیدی ئەودا بەڵگەی کەم بۆ سەلماندنی ئەو باوەڕە عەوام پەسەندە لەبەردەستدایە کە پێی وایە پیلانگێڕییە ئۆنلاینییەکان بۆ دەستکاریی ڕای دەنگدەران لەلایەن دەستی دەرەکییەوە، کاریگەریی چارەنوسسازی بەسەر ئەنجامی دەنگدانی (برکسێت) لەبریتانیا یان هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لەئەمریکا لەساڵی ٢٠١٦ هەبووبێت. لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕی وایە فەیسبوک و هاوشێوەکانی، وا خەریکە سیاسەت ترۆ و ڕیسوادەکەن. پەیامگەلێک کە لەفەزای فەیسبوکدا زۆرترین سەرنج بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، پەیامی عەقڵانی نین، بەڵکو پەیامگەلێکن بە ژمارەیەک ئامانجی دیاریکراوەوە کە بەسەختی هەست و سۆز دەوروژێنن. ئیتر پێویست ناکات لەم دنیایەدا، کاندیدەکان دیدگایەکی گشتی و فرەلایەن لەبارەی دەوڵەت یان کۆمەڵگەوە بخەنەڕوو (تەنیا بە ڕستەی کورتی سۆزدارانە، دەتوانن ملیۆنان کەس بوروژێنن). لەم چاخی پەیامە کورت و بەمۆدبووانەدا، دەمارگیری جێگای لێهاتوویی، و تێرکردن و ڕازیکردنی خواستەکان جێگای هونەری سیاسەتی گرتووەتەوە. ڤیتیاناتن بەوە قەڵس و توورەیە کە (فەیسبوک خراپترین شوێنێکە بۆ کاری سیاسی)، کەچی هەمووشمان بەلێشاو بۆ ئەم شوێنە هاتووین و لێرە کۆبووینەتەوە. پرسەکە لەگەڵ ئەو فۆرمی کارکردنەی فەیسبوکدا ئاڵۆزتردەبێت کە تێیدا کۆمپانیاکە بەشێک لە کارمەندەکانی تۆڕەکە بۆ کارکردن لەپێناو ڕوومالە سیاسییەکان تەرخاندەکات، تا لەوە دڵنیابێتەوە کە کاندیدەکان لە داتا و زانیارییەکان و ڕیکلامەکانی بە شێوازێکی کارا سودمەند دەبن. ڤیتیاناتن بەڵگەی ئەوە دێنێتەوە کە پارێزەران و ڕاوێژکارانی فەیسبوک ڕۆڵێکی تایبەتی و سەرەکییان لە بە فۆرم بەخشین بە ڕیکلامە ئۆنلاینییەکانی دۆناڵد ترامپ بەدرێژایی کێبەرکێی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لەساڵی ٢٠١٦ بینی. ئەوان ڕوومالی هەڵبژاردنیان بە ئاڕاستەی ئەو پەیامە هەڵاسازانە و لەڕووی بینراوییەوە بەربڵاوانە برد، کە هەست و سۆز دەوروژێنن و لەناو تۆڕەکەدا بەشێوازێکی بەرفراوان شەیر دەکرێن. بەم جۆرە فەیسبوک بە فرۆشی ڕیکلامی زیاتر و ترامپیش بە ڕاکێشانی دەنگدەری زیاتر و خۆبەخشی زیاتر و هاوکاری زیاتر، گەیشتن بەو سودەی کە خوازیاری بوون. ڤیتیاناتن باوەڕی وایە کە ترامپ لەڕێگەی ئەم (بەرژەوەندییە هاوبەشانەوە) بوو کە پێشکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێنا. کتێبی (ئەنتی سۆشیال میدیا)، کتێبێکی ئومێدبەخش نییە. ڤیتیاناتن هیچ ئومێدێکی بە ڕیفۆرم و چاکسازیی ناوەکی لە فەیسبوک نییە. بۆیە هەرکات (مارک زوکەربێرگ)ی بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای فەیسبوک، داوای لێبوردن بکات و بەڵێن بدات کە باشتر کاردەکەن، ڤیتیاناتن بۆی دەنوسێت »کێشەی فەیسبوک، فەیسبوکە.« کێشەکە تەنیا ئەوە نییە کە ئەم کۆمپانیایە بەکاربەرانی خۆی دەکات بە بینەری ڕیکلامی کۆمپانیاکانی تر و بەمەش پارە دەردێنێت، کێشە ئەوەیە کە ئەم تۆڕە لەئێستادا هێندە زەبەلاح بووە، تەنها دوای زیان گەیاندن تێیدا دەتوانرێت ڕەگەزپەست و زیانبارەکان لاببرێن. ڤیتیاناتن بەم جۆرە ئەنجامگیری دەکات »فەیسبوک زۆر لەوە زەبەلاحترە کە بتوانرێت کۆنترۆڵبکرێت.«

ئەم تۆڕە هەمیشە لەدۆخی پاککردنەوەی خراپییەکانی خۆی و داوای لێبوردنی ڕۆتینانەدایە لە ئێمە. جۆن لانێر، زانای بواری کۆمپیوتەر و ڕەخنەگری سەرسەختی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و (سیلیکۆن ڤۆیی ٢)، لەکتێبی (دە بەڵگە بۆ ئەوەی هەر ئێستا ئەکاونتی تایبەتیی خۆتان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بسڕنەوە)دا، دەیەوێت قەناعەتمان پێ بکات کە فەیسبوک و تویتەر و هاوشێوەکانیان هێندە بەشێوازێکی قوڵ فاسدن و کاریگەرییەکانیان لەڕووی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییەوە هێندە زیانبارە، کە پێویستە هەرچی زووتر خۆمان لەشەڕیان ڕزگاربکەین. جۆن لانێر دەنوسێت: وازلێهێنانی یەکجارەکی، تاکە هەڵبژاردەیە بۆ گۆڕانکاری. لە دیدی جۆن لانێر، تۆڕە کۆمەڵایەتی و سۆشیال میدیاییەکان سیستەمی دەستتێوەردانن و هەرکەس و هەرشتێک بخەنە داوەوە، سوک و ڕیسوای دەکەن. هەرچەند زانیاریی زیاتر لەبارەی خۆمانەوە بکەین بە قوڕگی ئەم تۆڕانەدا، لەوسەرەوە ئەم تۆڕانە لە ئاراستەکردنی ئێمە و بیرکردنەوەکانمان، توانای زیاتر بەدەست دێنن. جۆن لانێر باوەڕی وایە کاری سەرەکیی کۆمپانیایەکی وەک فەیسبوک بریتییە لە گۆڕینی ڕەفتاری ئێمە. فەیسبوک نەوەک هەر داتا و زانیاریی دەگمەن لەسەر زەوق و سەلیقەی کەسەکان بەدەست دێنێت، بەڵکو تاقیکردنەوەگەلێکی زۆروزەبەندیش ئەنجامدەدات تا بۆی دەربکەوێت کە چ جۆرە پەیامێک زۆرترین سەرنج ڕادەکێشێت و وروژان دروست دەکات. بەم جۆرەیە، کە هەموو ئەم تەکنیکە ئاڵۆزانە لەڕووی دەروونناسییەوە، بۆ ئەو کۆمپانیایانەی دەیانەوێت کاڵا بە ئێمە بفرۆشن، ئێجگار بەبایەخن. بەهەمان ئەندازەش بۆ ئەوانەی کە لەناو سیاسەتدان و دەیانەوێت فیکر و دیدگای ئێمە ئاراستەبکەن، ئەو تەکنیک و تاکتیکانەی فەیسبوک هەر زۆر گرنگن. لەو ڕووەوە کە ئەم تەکنیکانە لەچاوی ئێمە پەنهانن، کۆمپانیاکان ئەم بابەتە وەک نهێنیی سەرکەوتنی کاروبارەکانیان هەژماردەکەن. کەواتە ئێمە لەبارەی چۆنێتیی شێوازەکانی دەستتێوەردان و کۆنترۆڵکردنی هزر و ڕەفتارمان، بەدەگمەن سەردەردەکەین و بەئاگادێینەوە. هاوکات لەگەڵ کاریگەریی هەڵکشاوی سیستەمی سۆفت وێر لەسەر ئەوەی کە ئێمە دەیبینین و ئەوەی بیری لێدەکەینەوە، وردەوردە ئیرادەی ئازاد و تەنانەت هەستی تاکەکەسیی خۆیشمان لەدەستدەدەین. بە لەدەستدانی توانای بیرکردنەوەی خۆسەرانە، بەرەو سیستەمی قەبیلەگەرایی مل دەنێین. بە تەسلیمبوون و سەردانان لەپای بیرکردنەوەی گرووپی و دەستەجەمعی و تەسلیمبوون بە یەکێک لەهێزە بونیادییەکانی سرووشتی مرۆڤ (کە ژیانی نابەرپرسیارانەی ناو مێگەلە)، وا خەریکە فۆرم بە ڕەخنە لە ئەندێشەی جیاواز دەبەخشین. جۆن لانێر دەڵێت ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا غایبە، " فەزا گشتییەکان"ی جیهانی فیزیکی و واقیعە، کە لەم فەزایانەدا ئامادەیی ئەوانیتر لێکچوون و خاڵی هاوبەش بەباردێنێت، کە لەسەرووی جیاوازییەکانەوەیە. ئەمەش هەستی هاوبەشی مرۆڤانەیە، ئەم هەستە کە ڕەگەزی سەرەکیی ژێرخانی کۆمەڵگەیەکی باشە، ئەو کاتەی کە تاکەکان لەنێو زنجیرەیەک پەیامگەل و وێنەی مەجازی نغرۆ دەبن، لەدەست دەچێت. جۆن لانێر دەڵێت تەنانەت لەمرۆکەدا کە دەچینە شوێنە گشتییەکان، بەزۆری هەر چاومان لەسەر تابلێت و شاشەی سمارتی ئامێرە دیجیتاڵییەکانی دەستمانە، نەوەک لەسەر دەوروبەرمان. گەرچی جۆن لانێر درێژدادڕ و وشەبازە، بەڵام ڕەخنەگرێکی تیژبینە و دەتوانێت شتانێک ببینێت کە ئێمە نایانبینین. لەگەڵ ئەوەشدا شیکردنەوە و لێکدانەوەکانی، بەهۆی گریمانەییانەوە، کەموکورتییان تێدایە. ئەو باوەڕی وایە کە بە داخستنی هەژماری تایبەت و ئەکاونتە شەخسییەکانمان، (سیلیکۆن ڤۆلیی) ناچاردەکەین خۆی باشتر بکات! و فۆرمی بازرگانیانەی خۆی بەجۆرێک ڕێکبخاتەوە کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەرپرسیارانە بێت. ئەم باوەڕە جێگای خۆشحاڵییە، بەڵام سادە و ساویلکانەشە، ساویلکانەیە کە وا بیربکەینەوە بە داخستنی ئەکاونتەکانمان، (سیلیکۆن ڤۆلیی) خۆی ئیسلاح دەکات و هەڵەکانی ڕێکدەکاتەوە. کێشەکانی سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتەنیا لە ستراتیژێتیی بازرگانی کۆمپانیاکانی بواری ئینتەرنێتەوە سەرچاوە

بۆ لاپەڕە 13



پرسی ژن ؟

**توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،**

**ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..**

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# ٢٥ نۆڤەمبەر پەیامی نەفرەت لەدەسەڵاتی دژە ژن بوو!

## عەبدوڵا مەحمود

٢٥ ی نۆڤەمبەر ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی دژی توندوتیژی لە دژی ژنان بوو، لەم بۆنەیەدا دنیا بە بێداریەکی زیاتر و بەشێوەیەکی فراوانتر و لە ئاستێکی گەلێک بەربڵاوتردا، ڕێزی لەم ڕۆژە گرت... لایەنێکی سەرەکی ئەم بێداربوونەوەیە بەرینبوونەوەی بێ سنوری ستەمە لەسەر ژنان، بەتایبەتیش لەسەردەمی کۆڕۆنا ڤایرۆسدا. کۆڕۆنا ڤایرۆس بووە سەربار بۆ توندوتیژی لەوە پێشی ژنان. ئامارەکانی ڕێکخراوە ژنانەکان لەسەراسەری دنیادا، ئەوەیان خستە ڕوو کە بەرێژەی زۆر بەرز کە لانی کەمی ٣٠% یە توندوتیژی لەدژی ژنان لەسەردەمی کۆڕۆنا ڤایرۆسدا زیادی کردووە. ئەم ئامارە ڕاچڵەکێنەرە، بووە هۆی ڕاچڵەکاندن و تەکاندانی بزوتنەوە ژنانە ئازادیخوازو یەکسانیخوازو پێشکەوتنخوازەکان، تا مەترسی ڕێژەی ئەو توندوتیژییە بخەنە بەرچاوی کۆمەڵگە و هاوکات دەسەڵات و یاسا و ڕێساکان، بەرپرسیار بکەن لەو ڕادەیە لە بەرین بوونەوەی توندوتیژی هەمەلایەنە بۆسەر ژنان بەتایبەتیش توندوتیژی خێزانی. بەرین بوونەوەی بێکاری و لەگەڵ خۆشیدا فراوانبوونی ڕێژەی هەژاری و هەلکشانی برسێتی لەگەڵ خۆی هێناوە، بەهەر ئەندازەش بێکاری زیاد بکات، هەژاری هەڵکشیت، قوبانیانی چینی کریکار و خانەوادەکانین و لەناو خانەوادەکانیشدا ژنانن.




لە کوردستانیش، کە تاکە شوێنی دنیایە گۆرستانی بێ ناونیشانی بۆ ژنانی قەسابی کراوی دەستی شەرف و ناموسی لێبێت، دۆخەکە زۆر خراپترە. دەسەڵات بە بەدەستەوە گرتنی یاساکانی بەعس و بە ڕاخستنی فەرشی سور بۆ کۆنەپەرستانی ئیسلامی دۆزەخی بۆ ژنان خستۆتە گەر، کە تا ئێستا و لەژێر سایەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتییدا بەدەیان هەزار ژن کوژراون یان ناچار بۆ خۆکوژی و خۆسوتاندن کراون، و توندوتیژی هەمە لایەنەش لە خێزانەوە بۆ ناو قوتابخانەو کۆمەڵگەو شوێنی کار، بێداد دەکات... لە هەڕەشەو سوکایەتی و لیدانەوە، بۆ هەراسانکردن دەستدریژی سیکسی. ئەم جەهەنەمە واقعییە کە دەسەڵاتی کۆنەپەرستی پشت گرێدراو بە دین و شەرع و یاسای دواکەوتوانە، خوڵقاندویەتی، کەس ناتوانێت نکوڵی لیبکات... لەبەرامبەردا سەرانی حزبەکان و کاراکتەرەکانیان، کە یاسا دژە ژنەکان پەسەند دەکەن، پیاو سالاری دەمەزەرد و لە جێگای یاسای شارستانی، سوڵحی عەشایەری بەدەستەوە دەگرن، کەچی بێشەرمانە فرمێسکی درۆینە بۆ ژنان هەڵدەرێژن و پەیامی هاوخەمی بۆ قوربانیان ڕادەگەیەنن، کەچی هەر ئەو جەنابانە کە بەرپرسی سێڵاوی خوێنی دەیان هەزار ژنن، ئامادەنین یاسا کۆنەپەرست و توندوتیژەکان، بگۆڕن و یاسای شارستانی سەردەمی لە جێگایان دابنێن. وە ئامادەنین بکوژانی ژنان، وەکو بکوژی دەستی ئەنقەست ڕادەستی دادگاکان بکەن، تا دادگا بە پاساوی شەرەف پاریزی کە ریشەی لەیاسای بێ مورالّی دەسەڵاتدایە، بکوژان ئازاد نەکەن.

٢٥ نۆڤەمبەر ئەگەر هەڵگری دەیان پەیامی نا وتن بە توندوتیژی بێت لە دژی ژنانی کوردستان، یەکێک لەو پەیامانە نەفرەتە لەو دەسەڵاتەی باکی بە کوشتن و خوێنبەربوونی جەستەی ژنانی قەسابی کراوی دەستی پیاوسالاری و شەرف پارێزی نییە... ئەو دەسەڵاتە چۆن تۆمەتبارە بە ڕەفتارە مافیاکانی، چۆن تۆمەتبارە بەرامبەر بە دزی و تالانی و نۆکەر پیشەیی و موچە بڕین و سەرکوتی ئازادیی و مافە سەرەتاییەکانی ئینسان، ئەوا سەدان بەرابەر تۆمەتبارە بە زەمینەسازکردن و ژینگە خوڵقاندن بۆ کوشتنی ژنان و توندوتیژی بەرامبەریان. فرمێسکی ساختە و پەیامی بۆش، فریای هیچ ژنێک ناکەوێت بۆ ئازادی و خەفەکردنی هاوارەکانی دەستی زۆرو بێمافی... بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان ئەرکی گەورەی لەسەر شانە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو توندوتیژییە هەزار سەرەی یەخەگیری ژنانەو دەسەڵات، لە پشتیەتی.

بۆپێشەوە FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەك و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەلایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بیاتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاری، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستییژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

**ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالح، حەکیم میرزا**

# دەمە تەقێ

## لەگەڵ شاعیر فوائاد عەزیز

**<u>کاوان قادر</u> :سڵاو هاوڕێ فوئاد ئەزانم لەیەکێک لە کۆمێنتەکانی فەیس بووکەکەتدا ڕەخنەیان لە شیعر خوێندنەوەکەی من گرتووە کەسێک دەڵێت (گوایە من شیعرەکەت ناخۆش دەخوێنمەوە)، تۆ شەرم لە ماندوو بوونی من مەکە، ئەگەر دەنگەکەم شیاو نییە بۆ خوێننەوەی شیعرەکانت، یان هەر کەموکوڕییەکی هەبێت زۆر ئاسایی یە لە زمانی خۆتەوە بیبیستم، دڵنیابە نیگەران نابم، چونکە ئێمە هاوڕێین، ئامانج لێرەدا تەنها خزمەتکردنە لە ڕێی هونەرو ئەدەبەوە، لەوانەیە ئەو شێوەیە لە خوێننەوەی من بۆشیعرەکانی تۆ ئاسایی نەبێت یاخود لەوانەیە ئەو برادەرە ڕاست بێت و دەنگەکەی من نەشاز بێت لە شیعرەکانی بەڕێزتدا، بەڵام ئەو هاوڕێیە ڕوونی نەکردۆتەوە و ناڵێت خراپییەکەی لە کوێدایە؟! دیارە من زۆر شارەزا نیم نییەو کۆرسێکی ئەکادیمی دەنگم وەرنەگرتوە، تەنها هیوایەتێکە و ئەوەی دەیبینم مەیدانی خوێندنەوەی شیعری شۆڕشگێڕانە کە خرۆشانێک بە بزوتنەوەی ناڕەزایی خەڵک بدات، نایبینم هەبێت، شیعرەکە بەدەنگ و ڕەنگەوە ببیستریٚ واجبەکەی شیعر و ئەدەب بە جوانی بگەیەنێت، ئەم مەیدانە چۆڵە بۆ خوێننەوەی شیعرو ئەدەبیاتی کرێکاری وشۆڕشگێڕانە، هەر بۆیە ئێمە ناچارین ئەو مەیدانانە بە چۆڵی بەجیٚ نەهێڵین تۆ سەرنجت لەسەر ئەمە چییە؟**

<u>**فوئاد عزیز :**</u> هاوڕیٚ کاوان گیان سڵاو، دەستی



ماندوو نەبوونت زۆر بەگەرمی دەگوشم، دیارە ئەگەر لام وابوایە شیعرەکەت خراپ خوێندۆتەوە، دڵنیابە تێبینی خۆم ئەدا، بەتایبەتی ئەو خوێننەوەیەی ئەو برادەرە بەلایەوە خۆش نییە، زۆر لەوانەی پێشوتر باشتر ئەدات کردوە، هاوڕیٚ گیان وایە کەسێک ڕەخنەی گرتوە، بەڵام سەدو شتیٚ لایکی کردوە کە بەدڵیان بووەو پێیان خۆش بووە، منیش هەمان پرسیاری تۆم لەم بەڕێزە کرد، بەڵام تا ئێستا وەڵامی نەداوەتەوە، ئەزانم ڕەخنەی ئەو بەڕێزە زۆر وشک بوو، کە نەدەبوو، چۆن دەبێت ئاوا ڕەخنە فریٚ بدات و ئامادەش نەبێت ڕونکردنەوەیەکی هەبێت، چونکە ئەو خۆی بەلاوە گۆرانی بێژەو گۆرانیشی بەکلیپ کردوە!

ئەگەر بیرت بیٚ لە خوێندنەوەکانی تر تێبینیم هەبوو، بەڵام ڕاستیەکەی ئەمجارە زۆر جیاوازتر بوو، لە ڕابردووشدا بۆم نوسی بووی کە تۆ هەمیشە ئازادی و خاوەنی شعرەکانی منیت، من زۆر سوپاس گوزاری تۆم کە منت وەک یەکیٚ لە هەڵبژاردەکانی خۆت هەژمارکردوە، هاوڕیٚ گیان کۆمونیزم دەیان ساڵە ڕەخنەی لیٚ دەگیریٚ، کادرەکانی سۆشیالیستی لە هەموولایەکەوە فشاری دەرونی جەسەدیان بۆدێت، بەڵام هیچ شتیٚ نەی وەستاندون هیچ کەسیٚ نەیتوانیوە لەواقیعی بوونی کۆمونیزم کەم کاتەوە، جا بۆیە تکات دەکەم ڕەخنەی کەسێک زامدارت نەکات و نەت وەستێنیٚ، هاوڕیٚ گیان من دووبارە لەناخمەوە سوپاست دەکەم، هیوادارم لەم جۆرە لەڕەخنەکان تیژترت بکات، هاوڕیٚ گیان ئەوەت بیرنەچیٚ لەسایەی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمەوە کۆمەڵگە وا بارهاتوە گویٚ لەکرۆزانەوە بگریٚ، بەوپێیەی مەرگ و برسیەتی شەڕو کوشتار، عاتیفە و زەلیلی بووە بەنەریت وپڕوپاگەندەی دەسەڵات و لەوێشەوە بۆ نێو کۆمەڵگە. ئەوکاتە قبوڵکردنی و وەستانەوە ئاسان نابیٚ، دەنگی شۆڕشگێری بە نەشاز دێتە بەرگویٚ، چونکە لە مێژە خەڵکی لێی دابڕاون، بۆیە نەک شیعری من هەرشعرێکی تریش بیٚ بیٚ دوودڵی بیخوێنەرەوە با هیچ شتێک نەتوەستێنیٚ، قوربانی تۆم ڕێزوخۆشەویستی بیٚ پایانم هەیە بۆت بەردەوام بە.

# ئامێر

## شیعری: خالید بایەزیدی (دلیر)



»ئامیر«

ئیمە لە سە ردەمی ئامێرەکان دا

ئەژین...

لەسەردەمێك کە ئینسانەکانیش

ئامێرن!...

هیچ چاوە ئاسمانییەکان

ئاماژی خوشەویستی مان

بوو ناکەن...

هیچ دەستە عیسایەکان

هیواى بەخشین و پارانەوەمان

بوو ناکەن..

هەربە ئامێر

چاك و خوشیمان

لەگەل ئەکەن

هاورێمان دەبن

لێمان جیا ئەبنەوە

لێمان توورە ئەبن

جەستەی ماندوومان دەحەسینەوە

هەر بە ئامێر

دەمان چەوسینەوە

نان مان دەدەنی

نان مان دەبرن

کارمان دەدەنیٚ

لە کار بی کارمان دەکەن

ژیانمان لیٚ دەستێنەوە

هەر بە ئامێر

ئەمان کوژن و

نامان ژینەوە؟!؟!






## گۆشەی ئەدەب و هونەر

# دواندنی زمانی خەیاڵ لە مەنفای شعری ئازاد مارف دا..!

جەمال نوری



لە ئەنجامی هەڵوێستەکانی شاعر لەناو وێنەی ئەدەبدا، یارمەتیمان دەدا کەتیورە ئەدەبیەکەی بدۆزینەوە تاوەکو، بۆمان ڕوون بێتەوە چۆن لێکۆڵینەوە لەتیورەی ئەدەبی دەکرێ، هەروەها لەچیەتی ئەدەب دەکۆڵینەوە، (ژان پۆل سارتەر) *کتێبێکی هەیە لەسەر "چییەتی ئەدەب" بەناوی ( ئەدەب چییە) پێمان دەڵێ ڕەخنەی ئەدەبی گرنگی دەدات بە خوێندنەوەو ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردنی دەقەکان لەمەوە ئەدەب دیاری دەکرێت.. بەڵام( تیۆری ئەدەبی) زیاتر بە دوو ئەرک هەڵدەسێت،

یەکەم: پێوانەیەکمان بۆ دەستەبەر دەکات بۆ دیاریکردنی ئەدەب لە( شوێندا،) هەروەها زانیاری ئەم پێوانەیەمان دەداتێ لە کردەی ڕەخنەییدا.

دووەم: پێویستە تیۆری ئەدەبی زانیاریمان بداتێ دەربارەی (میتۆدەکان) و ڕێسای کارکردن کەلە پرۆسەی ڕەخنەی ئەدەبیدا بەکاردەهێنین، بۆ ئەوەی تەنها پرسیاری" دەق" نەکەین، و تەنها لە دەق نەکۆڵینەوە، بەڵکو وەها پێویست ئەکات "ڕێگەکانی تری ناو دەقی شعری شاعیر "بخوێنینەوە و لەڕێگای ، ئیشکردنی نوسەری دەق لەناو "خەیاڵ"دا، تاوەکو بەسەر ونبوونە وجودیەکەی خۆیداسەرکەوێت و جیهانی ئەقڵی خۆیشی پێ دروست بکات.

ئیدی هەر لەو جیهانە ئەقڵییەدا بتوانێت هەست بەوەبکات کەبەسەر وجودا زاڵ بووە..

کەواتە بۆگەیشتن بە ڕێگاکانی ناو دنیابینی خەیاڵی شاعیر پێویستە ئەوە بزانین کە دووجۆر لەخەیاڵمان هەیە.. ( خەیاڵی شعوری،) و(خەیاڵی لاشعوری..) ،نوسەری دەق لەڕێگای خەیاڵی" لاشعوریەوە" وادەکات پێناسێکی کەسییێتی و کەلتوری بۆ خۆی دروستبکات.

لە ئەنسرۆپۆلۆژیاشدا بەهەمان شێوە خەیاڵ تەنها ڕێگایەکە کەمرۆڤ پەنای بۆدەبات بۆ ئەوەی بەسەر شکستە ئەنتۆلۆژییەکانیدا زاڵ بێت، لەوانە ترس لەکات و تیرۆری چارەنوس و ئەو تاریکیانەی کە بۆسەی بۆ دەنێنەوە لەژیاندا لێرەدا ئازاد باس لەمردن دەکات ودەڵێ:

بەیانی من ئەمرم.

ئیتر ڕەنگی شەرمم عارەقەی ڕووخسارم تەڕ ناکا

تریفەی نەجیبیم بە ئەلفی ناومەوە هەڵئەوەرێ و

پێکێ تر ڕووناکی

بۆ میوانە ڕەشپۆشەکەی تەماشام تێناکا

مردنەکەی ازاد مارف مردنێکی بایۆلۆجی نییە، هێندەی مردنەکە مردنێکی فیزیکییە لەناو ڕۆحی شیعری و زمانی خەیاڵی شاعیر خۆیدا، ئازاد پێی وایە کاتێک تەمەنی هەڵکشاوە بۆ سەرەوە ئیدی ترسی ئازاد ترسە لەم مردنە کە سبەینێ وەها پێشوازی لێدەکات.

ئەزانم بەیانی بە پاڵ تەنیاییم لە ژوورەکەم ئەکەنە دەرێ و

ئیتر هەناسەی بێدەنگیم لەسەر ڕووم تەم ناکا

ئەزانم سبەینێ باوەش باوەش پیرێتیم

ئەدەن بەکۆڵی مەراقما و

مەراقیشم بەسەر جەستەی ساردی منا هەڵئەفڕێ و

جارێتر ئارەزووی بە بۆنی سووتانم تێر ناکا..

ئازاد بەردەوام ئەو دایەلۆگە بۆدواندنی ئەنکیدۆ خۆی دەیەوێ لەفۆرمە گشتی یەکەیدا ، لەڕێگای دەستەواژەکانی (پەشیمانی، نیگەرانی، پرسە، ئۆخەی، بێناز، پەڵە، ئاخ، ...هتد) بەچنینی وەک مورووی ئەڵماس و زمڕووت ئەهۆنێتەوە و دەیکاتە ملی ، و بەردەوام تەزبیحاتی شەوانەی بۆ دڵنەوایی پێ دەکات و فرمێسکە ڕژاوەکانی کە بۆ هاوڕێکانی و کچەکەی دەیرێژێ بە ئەستێرەی ڤینۆسی دەسپێرێ...

بەیانی نیوە گەرمەکەی پەشیمانیم

نیگەرانیم قایل ئەکاو

بەڵێن ئەدەن لە ڕۆحم جیا نەبنەوە

دوو زەڕبی سوور لە کێڵەکانم بدەن و

لە ئاسمانی گۆڕەکەما تا ئەبەد بسووڕێنەوە

سبەینێ پرسەکەم

پڕ ئەبێ لە ئۆخەی ماندوو شکێنی دوژمن و

لە هەوای پڕ ئاخی دۆستانم

(ژیا) ی کچم بە پەنجەی بێنازی هەتیووی

یەخەی ژێر بوونەوەی دائەدڕێ و

هاوار ئەکا کوا باوکم

کوا ئەو پیاوەی پێی ئەوتم

من نامرم و من کوڕی ئەفسانەی زستانم

کچەکەم هەر ئەگری و

مردوو شۆڕەکەش

بە بۆنی غەریبی تۆ کە لە من دێ

مەست ئەبێ و ئەپرسێ

بریسکەی ئەم پەڵە ئاخانە بۆ ناڕۆن

لەبەرچی موچڕکەی ئەم خورپە زەردانە

لەخۆێنی پەمەیی ئەم عاشقە تێر ناخۆن

هەر ئەمشوا و هەر ئەمشواو هەر ئەمشوا و پەست ئەبێ و

تەرمەکەم پاک نابێتەوە

تێناگا بە هەموو ئاوی سەر زەوی

لە زێڕی چاوەڕوانی تۆ

یەک مسقاڵ ناسڕێتەوە

سبەینێ ئاوابونم کۆتا نمەی حوزنی خۆی و

دوا فرمێسکی هاوڕێکانم لە گۆڕی شەودا ئەنێژێ

بەرچاکێ وشەی وەریوی ژێر سێبەری خۆزگەکانم ئەچنێتەوە و

بە چەند ساتێ بەسەر ڕێگای ئایندەی خەیاڵی تۆدا ئەیرێژێ

بەیانی قەیرە خەمێکی ڕەشتاڵەم

دەستی چەپی بە لاشیپانی دەرگای شکاوی ژیانمەوە ئەگرێ و

بە دەستی ڕاست بە چڵی نەرمی وەنەوزێکی سپی

لەسەر دیواری تاریکی خەونم ئەنووسێ

ئیتر جێگاکەت سارد بووە

وێنەکەت ملی لار بووە

چۆڵەوانی پیاسە ئەکا

لە ئاسمانی پڕ لە لەنجەی ڕەنگاوڕەنگی شیعرەکانت

خۆڵەمێشی تەرزە کوتە

ئێستا بەهەشتی جێژوانت

هیچ هێمای دەم خۆر نشنێ

بەسەر تۆزی ڕوانینتا ڕاتناکێشێ

سەرنجی ئۆخەی پرژێنی هیچ کلوە بەفرێکی تازە

ئیدی نابێتە میوانت

ئاخر دایکیشت نەماوە

بەدەم پرمەی گریانەوە پێخەفی چۆڵت هەڵبگرێ و

بلێ ڕۆڵە بۆ من نەبووم بە قوربانت ئازاد مارف، بۆدیزانینکردنی وشە بە وشە و دێڕ بەدێڕی شیعرەکانی لەپانتایەکی کەم داکا لەناو ئەو مەنفایەی دیووی ناوەوەی خۆی جێگیریان دەکات بەناوخۆیدا بەزمانی شیعر و ریتمێک لەموزیک و فەنتازیا ڕاگوزەر دەبێ، هەربۆیە ئەوەی لەئەنسرۆپۆلۆژیادا قوڵە ئەوەیە.. کە خەیاڵ سەرەرای ئەوەی دەستی بەسەر ئەفسانە و بونیادە مۆسیقییەکان و دەربڕینە شیعریەکان و تەواوی هونەرەجوانەکانی ترا گرتووە، لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە دەستی بەسەر نەخشە ئەقڵانییەکان و زانستە سروشتییەکانیشا گرتوەوە بۆ ئەوەی بتوانێت وەهمی ئەوە بەمرۆڤ بدات کە بوونەوەرێکی سەرکەوتووە بەسەر ئەنتۆلۆژیادا...

ئازاد، هەرکاتێک بیربکاتەوە و بیەوێ بەشیعر دایبرێژێ ئەوا پەنا ۆ خەیاڵەکانی دەبات، تاوەکو لەومەنفایەی ناخی لەڕێگای خەیاڵەوە لە زیندانی جەستە و ڕۆح و پەستانەکانی واقع رزگاری بێت...

چونکە مرۆڤ نائاگایانە بەردەوام دەیەوێت لە ئازار و کۆژانەکانی ژیان و واقیع رابکا، ڕابکا لەو مەنفایەی ناخی بەمانا ئەنتۆلۆژییەکەی کە شوێنێکی لەدیووی ناوەوەیدا داگیرکردوە، کەدواجار مەنفا دەبێتە پاڵنەری خەیاڵەکانی لەو فەزایەدا، زمانی نوسینی دەبێتە ئەو فریشتە فریاد ڕەسەی ژیان کە تیایدا هەمیشە ڕاگوزەرە بەناویداو. پێی ناگا.



## شوان گەردی، هیچ گفت و ڕێکەوتنێك سەرناگرێ و کێشەکان ئاوەهایی دەمێننەوە، ئەوەی باجی گەورەش دەدات، ئەو خەڵکەیە کە کەوتوونەتە نێوان بەرداشی ملهوڕی و کەلەڕەقی ئەوانەی ئیدارەی هەرێم و عێراق..

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ شوان گەردی ماف پەروەر و چالاکی مەدەنی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا و پرسی موچە و ئایندەی سیاسی کوردستان..

**بۆپێشەوە: ڕیشەو هۆکاری ململانێی نێوان دەسەڵاتی سیاسسی بەغدا و هەرێم، چییە؟ بۆچی بەردەوام لەکێشەو ململانێدان، بەتایبەتیش لەسەر موچە؟**

**شوان گەردی:** بەڵێ ڕاستە کێشەی هەرە گەورەی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی نێوەند لەسەر پارەیە، نەک (مووچە) بە تەنها، چونکە حکومەتی نێوەند جگە لە مووچە سەرجەم پارە دەستنیشانکراوەکان بۆ خزمەتگوزارییەکانی تریشی ڕاگرتووە هەر مووچە نییە.

هۆکارەکەی ئەوەیە لەسەر زاری حەنان فەتلاوی لە موقابەلەیەکی تەلەفزیۆنی کە باڕاشکاوانە دەڵێت "عێراق وەک ئەو کێکە بووە کە هەموو بەشی خۆمانمان لێ وەرگرتووە یا خواردووە"، واتە جگە لە محاصصەی کورسی و پۆست و پایە و دەستەڵات لە جومگەکانی عێراق بە گشتی، سەرچاوە و داهاتەکانیش دابەش کراوە، و هەر یەکەی بەشە کێکی خۆی دەبا و قبوڵی نییە ئەوانەی تر دەستی بۆ درێژ بکەن. هەتا ئەگەر وەبیرتان بێت وەفدی کوردی لەسەردەمی دەستوور نووسینەوەدا بۆ عێراق کێشەیان لەسەر بڕگەیەک هەبوو کە پەیوەندی بە سامانە دەرهێندراوەکانەوە هەبوو، و وەفدی هەرێم پێی وا بوو گۆڵی لە دانووستەرانی عەرەب کردووە بەوەی ئەوان تەنها سامانە دەرهێندراوەکانیان باسکردووە و کەواتە بۆیان هەیە سامانە (غیر مستغرەجەکان) دەربێنن و بیفرۆشنەوە و بە کارێکی نا دەستووریش هەژمار ناکرێ .

کێشەی نێوەند لەگەڵ هەرێم ئەوەیە، هەرێم داوای پارە بەبێ بەرامبەر دەکات، خۆ ئەگەر داوای پارە نەکات ئەوە بەغدا لە ژیانیدا ئاوڕ لە هەرێم ناداتەوە، بە دەلیلی ئەوەی ئەو هەموو پێشێلکارییەی بەرامبەر ماف و ئازادییەکانی خەڵک دەکرێت، ئایا تا ئێستا حکومەتی نێوەند نقەی لێوە هاتووە؟؟ ئایا ئەگەر ئەوەی بەرامبەر هاوڵاتیانی هەرێم دەکرێت لە هەموو ئەو پێشلکاری و تاوانەی لە شومار نایەن، لە ویلایەتێکی ئەمریکی بکرێت، ئایا حکومەتی ئیتیحادی لە ئەمریکا هەمان هەڵوێستی بێدەنگی دەبێت وەک ئەوەی لە عێراق دەگوزەرێ ؟؟

ئایا ئەگەر لە ویلایەتێکی ئەمرێکی عەقدێکی پەنجا ساڵەی نەوت هاوشێوەی هەرێم بکرێت، حکومەتی ئیتیحادی لە ئەمریکا بێ دەنگ دەبێت ؟؟

ئایا ئەگەر ئەو پەلکێشەی سوپای بیانی لێرە دەکرێ لەوێ بکرێت، حکومەتی ئتیحادی بێ دەنگ دەبێت ؟؟

ئایا ئەگەر لە هەر وڵاتێکی دونیا هاوشێوەی ئێمە باسی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بکرێت، بەرپرسانی ئیتیحادی ئەو وڵاتە بە بێ سزادانی کارەکتەرەکانی ئەو بابەتە چاوپۆشی لێدەکەن، ئایا هەوڵدانی دابەشکردنی خاکی وڵاتی لە مەنزوری دەستوور و یاسا سزاییە بەرکارەکان گەورەترین تاوان نییە و سزاکەی لە سێدارەدان نییە ؟؟ ئەی چۆن لای ئێمە نەک سزا نادرێن، بەڵکو هەستیارترین پۆستیشی دەدەنێ ..

هەموو ئەو نمونانەی خستمە ڕوو تەنها بۆ ئەوەم بوو کە بڵێم عێراق لە هیچ شتێکی کوردستان تووشی لەدەستدانی هۆش نابێت، لەوە نەبێت کە هەرێم داوای پارەی لێ بکات.

لە کاتێکدا هەرێم بە پێی هەموو یاسا و ڕێسایەک تەواوی دەستوور و یاساکان و ئیتیفاقییەکانی لەگەڵ بەغدا پێشێل دەکات (بە قسەی پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا) و هەرچی سەرچاوەی داهات هەیە نەک هەر لە بەغدای دەشارێتەوە بگرە لە میللەتەکەی خۆشی دەشارێتەوە، لەوەش زیاتر لە شەریکەکانی حوکمیش لە هەرێم دەیشارێتەوە .

بۆیە بەغدا بە هیچ شێوەیەک بەم شێوەیەک نابێت کە هەرێم دەیەوێت، کە بریتییە لە (هی خۆم بۆ خۆم و هی تۆش دەخۆم) چونکە بە نەتیجە ئەوانیش جگە لەوەی بە بەشی خۆیانی دەزانن، لە ژێر فشاری مەرجەعیە و شەقام و دەنگدەری خۆیانن .

**بۆپێشەوە: لەسەر پرسی موچەو شایستە داراییەکانی هەرێم، بەردەوام بەغدا هەرێم بە پابەندنەبوون بە ڕێکەوتنامەکان، تۆمەتبار دەکات و هەرێمیش بەغدا تۆمەتبار دەکات، ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**شوان گەردی:** من پێموایە، و لەسەر زاری نوێنەرانمان لە بەغدا، هەردوو لا هەرێم و بەغدا، پابەندی ئەو ڕێکەوتنانە نابن کە لە دەرەوەی دەستوور و یاسا واژۆی دەکەن، و هیچیشیان ناتوانن ئەو ڕێکەوتنانە لە دژی یەکتر بەکار بێنن لە دادگاکان، چونکە باش باش دەزانن ئەو ڕێکەوتنانەی نێوانیان سەرتاپای نا دەستووری و نا یاساییە، دەنا خێرە خاوەن خانووێک دەتوانێ لە ڕێگەی ئەو عەقدەی کە هەیەتی لەگەڵ کرێچییەک لە دادگا تەواوی مافەکانی وەردەگرێتەوە بەڵام ئەو لایەنانەی بەغدا و هەرێم بۆ داواکردنی ئیلتیزاماتی ناو عەقدی نێوانیان ناتوانن هانا (یان نایانەوێ) بۆ دادگا بەرن ؟؟

چونکە معقول نییە تۆ بە مەوادی دەستوور هەموو بابەتەکانی دەسەڵات و شایستە داراییەکانی نێوان هەرێمت باس کردبێت، کەچی بێی لەولاوە هانا بۆ ڕێکەوتننامە بەری! ... ئاخر لە ڕووی مەنطق و نەریت و یاسا و ڕێساوە کامیان بە هێزترە ؟! مەوادی دەستووری یان بنودی ڕێکەوتننامە ؟؟

بەڵام لەبەر نا دەستوورییەتی ڕێکەوتننامەکان و پێشێلکارییە دەستوورییەکانی هەر دوو لا، و زیاتریش لە لایەنی هەرێمەوە، بۆیە هیچ گفت و ڕێکەوتنێک سەرناگرێ و کێشەکان ئاوەهایی دەمێننەوە و ئەوەی باجی گەورەش دەدات، ئەو خەڵکەیە کە کەوتوونەتە نێوان بەرداشی ملهوڕی و کەلەڕەقی ئەوانەی ئیدارەی هەرێم و عێراقیش دەکەن .

**بۆپێشەوە: بەرپرسانی هەرێم، زوربەی مانگەکان دەڵێن ئەگەر بڕە پارەی بەغدا هات، موچە دابەش دەکەین، کەواتە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم ڕۆڵی چییە ئەگەر هەر چاوەڕوانی پارەی بەغدا بێت بۆ دابەشکردن؟**

**شوان گەردی:** من پێموایە ئەو کارتە سووتاوەی حکومەتی هەرێم پەیامێکی هەیە کە دەیەوێت بڵێ (ئەی خەڵکینە هەر کاتێ حکومەتی نێوەند پارەی نارد ئەوە من یەک دەقیقە دوای ناخەم و مووچەکانتان دەدەمێ و نەبوونی مووچە خەتای بەغدایە نەک ئێمە)

بەڵام خەڵکەکە باش حاڵی بووە لەوەی هەتا حکومەتی هەرێم ڕاستی داهاتەکان لە بەغدا بشارێتەوە و داهاتەکان ڕادەستی حکومەتی بەغدا نەکات، و ئەو سەدان هەزار مووچەخۆرە ناشایستانە لە لیستی مووچەخۆران دەرنەهێنێ، و ئەو هەموو ئیعفائاتی زەریبییە بۆ کۆمپانیاکان نەوەستێنێ، و ئەو گەندەڵییەی هەیە چارەسەر نەکرێ، بەغدا مەجبور نییە پارەت بۆ بنێرێ ... هەرێم بەو قسەیەی (بەغدا پارە بنێرێ مووچە دەدەین) دەیەوێ بڵێت ئێمە دەستێکی ئەمینی ئێوەین هەر کە پارە هات وەک مودیر حساباتێکی لێهاتوو، تەواوی مستحقاتی خۆتان ڕادەست دەکەین، تەنها بۆ ئەوەی تۆ باسی داهاتە ناوەخۆییەکان نەکەی، کە پەرلەمانتارانی خۆمان باسی ئەوە دەکەن کە داهاتی هەرێم بەشی بە زیادەوەی هەموو پێویستییەکانی هەرێم دەکات .

**بۆپێشەوە: موچەخۆرانی هەرێم، لە هەرێمدا کار دەکەن، هەربۆیە دەسەڵاتی هەرێم بەرپرسە لە دابینکردنی موچە لەکاتی خۆیدا، هۆکار چییە، دەسەڵاتی هەرێم بەرپرسیاریەتی هەڵناگرێت؟**

**شوان گەردی:** من یەکێکم لەو فەرمانبەرانەی مووچەکە، لەم هەرێمە، ئەگەر ئێستا تەواوی مووچە (زەوتکراوەکان) ی من بژمێری دەیان ملیۆن دینارم لای حکومەتە، نەک هەر بە کردار داوایان ناکەم، بەڵکو تەواوی ئەو قەرزانەی حکومەت لەسەرمە مانگانە وەک گوڵ خۆم دەچم تەسلیمی حکومەتیان دەکەم، پارەی ئاو، پارەی کارەبا، جۆرەکانی تری پارەی وەک زەریبە و قەرز و غەراماتیش، و یەک ڕۆژیش تاخیری ناکەم، کەچی بۆ موستەحەقاتی خۆم نقەم لێوە نایەت، نەک هەر ئەوەندە، بگرە نوێنەرانی گەلیش لە پەرلەمان چەپڵەڕێزان و دەستخۆشیان لە تەواوی کار و کردەوەکانی حکومەت کرد، ئیتر حکومەت بۆ خەمی ئەوەی بێت سواڵ بکات پارەمان بۆ پەیدا بکات؟؟ یان بۆ شەرمەزار بێت و ئیستقالە تقدیم بکات؟؟

بێ دەنگی خەڵکەکەیە ئەو حکومەتە و حکومەتەکانی پێشتر و پێشووتریشی کردە کەڵەگا بەسەر ژیان و بژێوی خەڵکەکە و ئاوەها لاسار و بێ باکی کردن .

**بۆپێشەوە: موچە مافی ڕەوای موچەخۆرانە، بۆچی دەبێت موچەخۆران باجی ململانێی نێوان دەسەڵاتی بەغدا و هەولێر بدەن؟**

**شوان گەردی:** ئەو پرسیارە وەڵامەکەی لە ڕۆژی هەڵبژاردن بەچاو دەبینی، میللەتێک تا ئێستا، پێنج خولی پەرلەمانی و هەشت کابینەی حکومەتی هەرێمی بینییوە، پێنج جارە دەنگ بەو کەسانە دەدات کە یاری بە موقەدەرات و ئایندە و ئێستای دەکات، و بگرە خۆیشی بۆ دەدات بە کوشت، نایەوێ، ناتوانێ، ناوێرێ، داوای مافەکانی خۆی لێ بکات ... ئەگەر میللەت هەڵوێستی جدی وەرنەگرێ هەر ئاوەهایی دەمێننەوە، و ئەوەی قوڕی بۆ ئەو میللەتەش پەیتتر کرد کە ئاوەهای لێ بێت ئەو حزبانە بوون کە جێگەی هیوایان بوون و پاشان بوون بە کارەسات بۆیان .

هۆکاری ئەوەی کە بۆ دەبێ باج بدەن ئەوەیە کە بێ دەنگن، سەدان هەزار مامۆستا، سەدان هەزار دکتۆر و کارمەند و دەیان هەزار مامۆستای ئایینی و سەدان هەزار گەنجی بێکار و هەزاران ڕێکخراوی نا حکومی و سەدان دادوەر و داواکاری گشتی و دەیان هەزار پارێزەر و لێکۆڵەر .... هەموویان بەدەست (دوو سەد کەسی ناو دەسەڵاتەوە ) دەناڵێنن و هەتا ئێستا مەوقیفێکی جدی لە هیچ یەکێک لەو توێژانەی باسم کردن نەبینراوە، جگە لە هەندێ هەڵوێستی تاکە کەسی کە ئەویش یا بە ترساندن یا بە کوشتن یا بە دەم چەورکردن کۆتاییان پێ هاتووە .

**بۆپێشەوە: دواکەوتنی موچەو لێبڕینی، ژیان و گوزەرانی موچەخۆرانی ڕووبەڕووی هەلومەرجێکی سەخت کردۆتەوە، ڕێگای ناچارکردنی دەسەڵات، بە دانی موچەی تەواو لەکاتی خۆیدا، چییە؟**

**شوان گەردی:** تەواوی ئەو دەستکارییانەی حکومەتی هەرێم لە کابینەکانی پێشتر کردوویەتی بە نەدانی مووچە یا بڕینی ڕێژەی مووچە بۆ چارەک و بۆ نیوە مووچە و ئەوەی ئەخیریش بە بڕینی 18% و 21% و نیوەی پلە تایبەتەکان، نا دەستوورییە، نا یاساییە، نامرۆڤانەیە... بەڵام دیسانەوە دەیڵێمەوە بێ هەڵوێستی توێژە کاریگەرەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی وای کردووە ئەو شتانە ببێتە کارێکی ئاسایی لە کاتێکدا هیچ ماوەیەکی دیاری کراویش جاڕ نادرێت بۆ (گەڕاندنەوەی مووچە زەوتکراوەکان یا ڕێژە لێبڕاوەکان) تەنها لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا نەبێت و ئەو وەعدەش دەچێتە سەر خەرمانەی وەعدە درۆیەکانی هەڵبژاردنەکانی پێشتر و پێشووتر، و خەڵکەکەش هەر فریوی پێ دەخوات .

**بۆپێشەوە: لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت و قوڵبوونەوەی ئەزمەی ئابوری بەغدا و هەرێم، گرژی نێوان بەغداو هەولێر پەرەی سەند، و بەغدا موچەی فەرمانبەرانی و شایستەی دارایی هەرێمی بڕی، هۆکارەکە ئەزمەی ئابورییە، یان گۆشەیەکە لە ململانێی بەردەوامی بەغداو هەولێر؟**

**شوان گەردی:** کێشەکان هیچ پەیوەندی بە دابەزین و بەرزبوونەوەی نەوت نییە، پەیوەندی بە پابەند نەبوونی حکومەتی هەرێمەوە هەیە بە ڕادەست نەکردنی تەواوی ئەو داهاتانەی دەستوور و یاساکان باسی لێوە دەکەن، چونکە ئەگەر ململانێیەکە سیاسی بووایە ئەوە گۆڕانکارییەک لەو ئیتیفاقە سیاسیە ڕووی دەدا کە پەیوەندی بە دەستەڵاتەکانی عێراقەوە هەیە، بۆ نمونە سەرۆکی کۆمار پێشی؛ کێشە و پاشی کێشە هەر بۆ کورد بووە قسە لەسەر لێسەندنەوەی نەکراوە وەک کارتێکی سیاسی بابەتی مووچەی تیادا بەکار بێت، ژمارەی وەزیرەکان هەمان ژمارەی پێشترە، پۆست و پێگەکانی تریش هەمان شتن و دەستکاری نەکراون، واتە بابەتەکە سیاسی و ئیداری نییە بەقەدەر ئەوەی پابەند نەبوونە بە دەستوور و یاساکان و دیسان دیڵێمەوە (زیاتر لە لایەنی هەرێمەوە) .

**بۆپێشەوە: مامەڵەی دەسەڵات و حکومەتی نوێی بەغدا، لەبەرامبەر بە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم هێرش بەرانەیە، چۆن دەڕواننە ئەم مامەڵەیە؟**

**شوان گەردی:** بۆچی هێرشبەرانەیە، من وای دەبینم کە تەنها جەخت کردنەوەیە لە بەندەکانی ئەو ڕێکەوتننامانەی پێشتر کراوە و دەیانەوێ هەرێم ناچار بکەن بەوەی پێی بڵێن با بەس بێت ئەو مراوەغە و بەسەر بردنی کاتە، ئەوەی لەسەرتانە بیکەن تا ئەوەی لەسەرمانە بیکەین .

# فەرمان سدیق: تا هێز و پارە لای پارتی و یەکێتی بێت، ئەو دۆخە بەردەوام دەبێت، بزوتنەوەی گۆڕانیش گورزێکی کەمەر شکێنی لە دەنگی ناڕازیدا..



## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس بەڕێز فەرمان سدیق سەبارەت بە پەیوەندی هەولێر و بەغدا و پرسی موچەو ئایندەی سیاسی کوردستان...

**بۆپێشەوە: ململانێی نێوان دەسەڵاتی هەرێم و بەغدا، ململانێی ناو خانەوادەی بۆرژوازییە لە ئاستی عێراقدا، خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بۆئەوەی نەبنە سوتەمەنی ئەو ململانێییە، دەبێ چی بکەن و چ ئەرکێک دەکەوێتە سەرشانیان؟**

**فەرمان سدیق:** من وای نابینم ئەو ململانێیەی لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەن، ململانێی بۆرژوازی خانەوادەکان بێت. ئەو ململانێیەی هەیە دەکرێت دابەشی بکەین بەسەر دوو بەشی سەرەکی، ناوخۆ و دەرەوە، هەردوو بەشیش کاریگەری و کارتێکراون بە یەکتری.

ململانێی ناو عێراق زۆر ئاڵۆزن، بەجۆرێک ئاڵۆز بووە بەرژەوەندی وڵاتانێکی زۆری تێکەوتووە، و ئەو وڵاتانەش لە هەوڵدان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە عێراق، ئەمەش وادەکات دەستوەردان بکەن.

ئەوەیشی وای کردووە وڵاتان بەتایبەت ئەمەریکا و ئێران، ئینجا تورکیا و وڵاتانی کەنداوی عەرەبی وا بە ئاسانی بتوانن دەستوەردان بکەن، پەیوەندیدارە بە پاراستنی بنەماڵە و حزبەکان بەپێی شوێنی جوگرافی، ئەمەیە خاڵی کارتێکراو و کارلێکراوی ململانێی ناوخۆ و دەرەوە کە کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەیە.

بۆ نمونە، زۆرینەی حزبە سوننەکان لەدوای 2005، مەرجەعی بڕیاریان وڵاتانی عەرەبی بوو، ئێستا بەشێکیان مەرجەعەکەیان بووەتە ئێران. وەک دەزانن حزبە شیعەکانیش کە زۆرینەیان پاشگری ئیسلامییان هەیە، ئێران بە مەرجەعی خۆیان دەزانن و لە بڕیاری دەرناچن. پەیوەند بە هەرێمی کوردستانیش وەک ڕوون و ئاشکرایە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان پارسەنگی زیاتر بەلای ئێرانە نەک ئەمەریکا، پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەلای تورکیایە ئینجا ئەمەریکا.

ئەمە هاوکێشە گشتییەکەیە، حزبەکان بۆ پاراستنی خۆیان و بەرژەوەندی بنەماڵە حوکمڕانەکان خۆیان هەڵداوەتە باوەشی ئەو وڵاتانەی دەرەوە، نەک خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستان، بۆیە دەبینین دوای چوار هەڵبژاردنی پەرلەمانی، ئێستا بۆ خەڵکیش ڕوون بووەتەوە کە هەڵبژاردنیش بووەتە یاریەکی سیاسی و ناتوانێت گۆڕانکاری بخولقێنێت تا ئەو کاتەی ناوەندی بڕیار نەگەڕێتەوە بۆ بەغدا، نەک واشنتن و تاران و ئەنقەرە، یانیش دابەشبوونی عێراق بۆ سێ هەرێم. بۆیە خەڵکیش تا بڕیار لە بەغدا نەبێت، یەک ڕێگەیان لەبەردەم ماوە کە ڕاپەڕینە، کە بە دیدی من ڕاپەڕینیش چارەسەری دۆخی عێراق ناکات و ئەمە پرسێکی ئاڵۆزە بۆ خۆی و دەمانخاتە بەردەم چەندان پرسیاری تر کە لێرە جێگەی نییە.

**بۆپێشەوە: دوای ١٧ ساڵ لە پەیوەندی فیدرالی هەرێم بە بەغداوە، پوچی ئەم فیدرالیزمە بەکردەوە خۆی نیشانداوە، بەدیلی فیدرالیزمی قەومی چییە؟**

**فەرمان سدیق:** ئەوەی هەیە فیدڕاڵی نییە، بەڵکو دیفاکتۆیە بەسەر بەغدا سەپێنرا. بۆیە لە عێراق سیستمی فیدڕاڵی تاقی نەکراوەتەوە تا بزانین پووچە یان نا.

سەیرێکی دەستوور بکە کە سیستمی فیدڕاڵی لە عێراق ڕێکخستووە، بەڵام دامەزراوە فیدڕاڵییەکان دوای 17 ساڵ هێشتا دانەمەزراون، بە دیدی من ئەمە پەیوەندی بە کورتبینی سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی و سیاسەتی شیعەی حوکمڕانە.

پارتی و یەکێتی، هێندەی لە خەمی کۆکردنەوەی زۆرترین داهات بوون بۆ خۆیان، لە خەمی خاک نەبوون، بۆیە پێداگیریان لەسەر دامەزراندنی دامەزراوە فیدڕاڵییەکان نەکردووە، هەوڵی سڕینەوەی بڕیارەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس نەدراوە کە گۆڕانکاری دیمۆگرافی لەنێوان شارەکان دروست کردووە. هەرچی شیعەی حکومڕانە، خەریکەی ستراتیژی سیاسەتەکەیان ڕوون و ئاشکرا دەبێت، بەتایبەت دوای شەڕی داعش، ئەوان دوای بەغدا ئێستا ناوچەیەکی زۆری سوننە نشینیان بە شیعە کردووە، ئەگەر ئەمە دژ بە سوننەی هاوزمانی بکات، بێگومان باوەڕی بە سیستمی فیدڕاڵی نییە بۆیە هەمیشە بەربەست دەخاتە بەردەمی، ئەگەریش کورد و سوننە بەیەکەوە پێشگری لە قەڵەمڕەوی شیعە نەگرن، لە داهاتوویێکی نزیکدا قەلەمڕەوی شیعە بە زمانی کوردی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک دەبینین.

**بۆپێشەوە: ئایندەی سیاسی کورستان، لە ژێر سایەی دەسەڵاتی شیعەی سیاسی و بزوتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبیدا، نادیارە، چۆ دەکرێت زەمانەتی ئایندەی سیاسی کوردستان بکرێت؟**

**فەرمان سدیق:** ئایندەی سیاسی عێراق لای تۆ نادیارە، بەڵام لای شیعەی دەسەڵاتدار دیارە، ئەوان بەشێکن لە هاوکێشەی هیلالی شیعە کە مەرجەعەکەی ئێرانە، کەواتە کاردەکەن بۆ فراوانکردنی قەڵەمڕەوی شیعە. بەڵام ئەوەی نادیارە ئایندەی هەرێمی کوردستانە کە ئەگەر ئەوروپا بەتایبەت فەڕەنسا و ئینجا ئەمەریکا نەبێت زۆر دەمێک بوو بەهۆی سیاسەتی چەتەگەرایی و مافیایی و تموحی بنەماڵەیی پارتی و یەکێتی، شتێک نەمابوو ناوی هەرێمی کوردستان.

کێشە بنەڕەتییەکە ئەوەیە تا پارتی و یەکێتی نەبن بە "جاش"ی کوردو "جاش"ی تاران و ئەنقەڕە بن، کورد و هەرێمی کوردستان دۆخیان لەوە باشتر نابێت و ئایندەیشیان هەمیشە مەترسی لەسەرە.

**بۆپێشەوە: مافی هاوڵاتی یەکسان لەبەرامبەر یاسادا، تەنها لە ژێر سایەی دەوڵەتی هاوڵاتییدا مەیسەر دەبێت، لە غیابی ئەو دەسەڵاتەدا، ڕێگەچارەی خەڵکی کوردستان چییە؟**

**فەرمان سدیق:** خەڵکی کوردستان هاوشێوەی خەڵکی عێراق هیچ ڕێگەچارەیەکیان نەماوە، دەرکەوت هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەو عەسا سحرییە نییە گۆڕانکاری بخولقێنێت.

تا هێز و پارە لای پارتی و یەکێتی بێت، ئەو دۆخە بەردەوام دەبێت، بزوتنەوەی گۆڕانیش گورزێکی کەمەرشکێنی لە دەنگی ناڕازی دا، ڕەنگە ڕاپەڕینی خەڵک بتوانێ کۆتایی بە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بهێنێت، بەڵام دوای ڕاپەڕین چی؟ کێ دەسەڵات دەگرێتە دەست؟ دیفاکتۆی هەرێمی کوردستان پارێزراو دەمێنێتەوە لە چوارچێوەی عێراق؟

ئەمانە ناڕوونن، بۆیە تەنیا خەڵک ناتوانێت گۆڕانکاری بکات ئەگەر ئەمەریکاو وڵاتانی ئەورووپی گوشاری توند نەخەنە سەر پارتی و یەکێتی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و بەهێزکردنی سیستمی پەرلەمانی و دیموکراسی و بە دامەزراوەکردنی دامەزراوەکان و بڕینی دەستی حزب لەناو حکومەت.

**بۆپێشەوە: خەڵکی کوردستان مافی خۆیان نییە، لە ڕێگای ریفراندۆمێکی ئازادانەدا بڕیار لە چارەنووسی سیاسی خۆیان بدەن بە مانەوە لەگەڵ عێراق یان جیابوونەوەو پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ؟**

**فەرمان سدیق:** بێگومان مافی خۆیانە، بەڵام ئەو مافەی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەستراوەتەوە بە دوو خاڵ، خاڵی یەکەم ئەوەیە کە هێشتا سیستمی فیدڕاڵی و حکومەتی هاوڵاتی بوون لەعێراق جێگیر نەکراوە کە دەسەڵاتدارانی بەغدا قبوڵی ئەنجامەکەی بکەن، دووەمیش بوونە دەوڵەتی باشووری کوردستان وەک بۆمبی ئەتۆم وایە بەر تاران و ئەنقەڕە بکەوێت، ئەمە حەقیقەتەو قەدەری کوردە و نابێت سیاسییەکان نادیدەی بگرن، پەرچەکرداری ئەو دوو وڵاتە زلهێزەی ناوچەکەیشیمان بینی کاتێک ریفراندۆمێکی بێ بەرنامە و پلان و حیساباتی دوای ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان ئەنجام درا.

**بۆپێشەوە: بەکردەوە دەرکەتووە، کە دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد، کۆسپێکی سەرەکی سەر ڕێگەی چارەسەری پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان و ئایندەکەیەتی، چۆن دەکرێت ئەو کۆسپە وەلابنرێت؟**

**فەرمان سدیق:** خۆزگە دەسەڵاتدارانی پارتی و یەکێتی ناسیۆنالیزم دەبوون، دەمێک بوو ئێمە ببووین بە دەوڵەت. بە کردەوە ئەوان سەلماندوویانە جگە لە بازرگانێک بە قەزیەی کوردی هیچی تر نین، ڕەنگە ئەوان بار بن بەسەر قەزیەی کوردی، بۆیە تا مانەوەی سنووری دوو ئیدارەیی ئەو دۆخە بەردەوام دەبێت، کەواتە دەبێت هەموو گوشارەکان بۆ سڕینەوەی ئەو سنوورە دەستکرد و مۆتەکەیە بن.

**بۆپێشەوە: بۆ ئەوەی کرێکاران و کارمەندان و موچەخۆران نەبنە قوربانی ململانێی نێوان بەغدا و هەولێر دەبێ چی بکەن؟**

**فەرمان سدیق: چاکسازی ڕیشەیی و سڕینەوەی لیستی موچەخۆرانی حزبی لەناو لیستی فەرمانبەرانی میری. بەڵام ئەو چاکسازی و سڕینەوەی ئەو لیستە یەکسانە بە مەرگی پارتی و یەکێتی بۆیە نایکەن و تا دێت قوماری زیاتر بە قوتی خەڵک دەکەن، یان بۆیان دەچێتەسەر یانیش سەریان دەخوات.**

**بۆپێشەوە: نوێنەرانی حزبە بۆرژوازییەکانی کوردستان لە بەغدا بەهیچ جۆرێک نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان و ماف و داخوازییەکانیان ناکەن، خەڵکی کوردستان چۆن دەکرێت نوێنەرایەتی بکرێن؟**

**فەرمان سدیق:** بە سیستمی دیموکراسی ناکرێت بڵێین نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان ناکەن، چونکە ئەوان بە دەنگی خەڵک بوونەتە پەرلەمانتار، بەڵام ئەگەر بڵێی وەزیفەیان بووەتە پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندی حزب لەسەر حیسابی بەرژەوەندی نیشتمانی ئەوە پرسێکی تر و ڕاستترە.

هۆشیاری هەڵبژاردن و ڕەواندنەوەی ترسی کە پارتی و یەکێتی بەدیلیان نییە، باشترین کارێکە ئیشی لەسەر بکرێت، جگە لەو دوو حزبە، چەندان حزبی تر هەن، بەداخەوە ئەوە خەڵکن متمانە بەوان ناکەن، یان دەنگ نادەنە کاندیدانی لیستە سەربەخۆکان، بۆیە دەبێت قبوڵی دەرئەنجامەکەیشی بکەن.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە ئایندەی سیاسی کوردستان، لە ژێر سایەی دەسەڵاتی بۆرژوازی عێراق و دەسەڵاتی داسەپاوی بزوتنەوەی شکستخواردووی کوردایەتی؟**

**فەرمان سدیق:** وەک لەسەرەتا ڕوونم کردەوە، ئەوەی لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە، دەسەڵاتیکی بازرگانی دەستی دەرەکین، دەرەکی بەو مانایەی وڵاتانی ناوچەکە ڕۆڵیان هەیە لە دانانی کەسەکان کە نابێت بەهیچ شێوەیەک ئەو کەسانە زیان لە بەرژەوەندییەکانی تاران و ئەنقەرە نەدەن.

تا بەردەوامی ئەو هاوکێشەیە کە لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا بە کورتی ڕوونم کردووە، هەرێمی کوردستان هیچ ئایندەیەکی سیاسی نییە.



# هێمن جەوهەر: خەڵکی بەشمەینەتی هەرێم و بەغدا پێویستە هیچ لایەکیان فریوی سیاسیە دەسەڵاتدارەکانیان نەخۆن بەتاییەتی خەڵکی کوردستان بە (فشەی کوردایەتی دەسەڵاتداران) فریونەخۆن و ڕێگەنەدەن ناکۆکی نەتەوەیی بخەنە نێوانیانەوە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڵاتی هێمن جەوهەر سەبارەت بە پەیوەندی هەولێر و بەغدا و پرسی موچەو ئایندەی سیاسی کوردستان...

**بۆپێشەوە: لەم ماوانەی دواییدا سەرباری هەموو ئامادەییەکی هەرێم بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، کەچی دەسەڵاتی سیاسی ناوەند ڕازیی نییەو داوای داهاتی نەوت، خاڵەسنورییەکان، داهاتی ناوخۆ... و بەکورتی بەدوای داسەپاندنی زۆرترین دەسەڵاتی ئابوری و سیاسی و ئەمنییە بەسەر هەرێمدا، ئەمە بۆچی دەگەڕیتەوە؟**

**هێمن جەوهەر:** لە ڕاستیدا هەرێم تەنها بەڕووکەش ئامادەیی دەردەبڕێت بۆ ڕێککەوتن و پاشان جێبەجێیان ناکات، چونکە قازانجی ئەوان لەوەدایە هەر خۆیان سەرپاڵەبن و چی هەیە لەداهات خۆیان سەرف و سونی بکەن و بیدزن و تاڵانی بکەن، و ژیانی خەڵکیش چی لێ بەسەردێ بۆ ئەوان هیچ بەهایەکی نییە. هەرچەندە ئەگەر بشیانەوێت لەگەڵ بەغدا بگەنە ڕێککەوتن ناتوانن، چونکە نەوتی هەرێم بە پارەی پێشوەختە فرۆشراوە و خوراوە و ئێستا تورکیا خاوەنیەتی، نەک هەرێم.

سەبارەت بە هەوڵی ناوەند بۆ داسەپاندنەوەی دەسەڵاتەکانی خۆی، دەبێت ئێمە ئەوە بەبیر خۆمان بهێنینەوە کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی دانپێدانراوی سیاسی و یاسایی و دەستوریە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ دا، و خاوەنی جۆرێک لە (خۆبەڕێوەبەری) ئەوتۆ بووە کە لەسەر زەمین دا نزیکبووە لە سەربەخۆیی، بەوەی کە خۆی مەلەفە گرنگەکانی وەک دەرەوە و وزە و خاڵە سنوریەکان و ناوخۆشی دەستبەسەراگرتووە و پەیڕەوی لێیانکردووە. لە ڕاستیدا هەرێم بەشێوەی ڕاستەوخۆ و بێ گەڕانەوە بۆ ناوەند مافی پەیڕەویکردنیانی نییە.

هەموو ئەوانەش لە ئەنجامی لاوازی و پەرتەوازەیی ناوەندەوەبووە، هەروەها پێش ساڵی (٢٠٠٣) ش بەهۆی غیابی دەسەڵاتی ڕژێمی سەدامەوە بووە لە هەرێمی کوردستان.

جا بۆیە هەر کاتێک حکومەتی ناوەند هێز و گوڕێکی بێتەوەبەر داوای گرتنەوە دەستی دەسەڵاتەکانی خۆی دەکات.

**بۆپێشەوە: پێگەی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، دوای ١٦ ئۆکتۆبەر گورزێکی سەختی بەرکەوت و لاواز بوو، لەئێستادا بەرەو لاوازتر بوون دەچێت، چۆن دەڕواننە ئەم ئاڵوگۆڕە؟**

**هێمن جەوهەر:** بەهۆی شەڕی داعشەوە پێگەی سیاسی و سەربازی هەرێم زۆر بەهێزبوو بوو و سۆزێکی زۆری نێودەوڵەتی زۆر باشی بۆ دروستبووبوو، بەڵام بەهۆی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێکی ساختە و گوماناوی و گوێ نەگرتن و مەلەکردن بە پێچەوانەی خواستی ئەمریکا و زۆربەی دۆستەکانی کورد، و پشتگوێخستنی نامە فەرمیەکەی (تیلەرسن) بۆ دواخستنی وادەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، هەموو ئەوانە وایان کرد کە گڵۆپی سەوز بۆ عەبادی هەڵبکرێت و لە زۆر شوێن تا ناوچەی هێڵی 36 بێتەوە، و ئەو سەنگەرانەی کە بە خوێنی هەزاران شەهیدی کورد لە داعش پاککرابوونەوە لە شانزەی ئۆکتۆبەر کەوتەوە دەست بەغدا، بەمەش پێگەی هەرێم لەڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازیشەوە لاوازبووە...

**بۆپێشەوە: پیشووتر پرسی نەوت و موچە کێشەی سەرەکی نێوان بەغدا و هەرێم بوو، ئێستا باس لە کۆنتڕۆڵی خاڵەسنورییەکان، ڕادەستکردنی داهاتی ناوخۆ، دەکرێت، ریشەی ئەم ئاڵوگۆرە لە چیدایە؟**

**هێمن جەوهەر:** هەروەک لە سەرەوە ئاماژەم پێداوە، دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان پێشتر کۆمەڵێک دەسەڵاتی بەکارهێناوە، کە لە بنەڕەتدا هی ناوەندن، یەکێک لەوانە خاڵە سنوریەکانە...

جێگەی باسە خاڵەسنوریەکانی باشوری عێراقیش وەک خاڵەسنوریەکانی هەرێم لەژێر هەیمەنەی گروپ و دەستە و تاقمە دەستڕۆیشتووەکانە، و زۆرترین قاچاغچێتی و بەهەدەردانی داهاتی گشتی تیایاندا ئەنجامدەدرێ، هەربۆیە مستەفا کازمی هەوڵەکانی بۆ کۆنتڕۆڵکردنی خاڵەسنوریەکان چڕکردووتەوە هەرچەندە هەژموونی گەندەڵکاران زۆر زاڵە و چاکسازی ئاستەنگی زۆری لەپێشە.

**بۆپێشەوە: پێشتر دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، وەرگرتنی بودجە لەبەغدا و دابەشکردنی، کۆنترۆڵی خاڵە سنورییەکان، دەست بەسەراگرتنی داهاتی ناوخۆ لەدەستی خۆیدا بوو، ماوەیەکە بەغدا داوا دەکات هەموویان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، لەو حاڵەتەدا ڕۆڵی دەسەڵاتی هەرێم چی بەسەر دێت؟**

**هێمن جەوهەر:** لە ئەگەری دەستبەسەراگرتنی سەرجەم داهاتی ناوخۆ و خاڵەسنوریەکان و نەوتیش لەلایەن ناوەندەوە، دەسەڵاتی بەناو سیاسی هەرێم بەرە و پوکانەوە دەڕوات، و دەچێتەوە ئەو قاوغەی کەدەبوو تیاییبوایە. لەوەها دۆخێکیشدا بەسودی هاوڵاتیان دەشکێتەوە، چونکە لە ڕابردووش دا ئەوە سەلماوە هەر کاتێک لە بەغداوە بودجە و موچە هاتبێت بۆ هەرێم، کوردستان و خەڵکەکەی بوژانەوە و ئاوەدانی بەخۆیانەوە بینیوە.

**بۆپێشەوە: لە ململانێی نێوان دەسەڵاتی بەغداو هەرێمدا، موچەخۆران و خەڵکی کوردستان قوربانی یەکەمن، دەبێ چ بکرێت بۆ پوچەڵکردنەوەی سیاسەتی بەغدا و هەرێم؟**

**هێمن جەوهەر:** هەمیشە هەر وابووە سوتەمەنی ناکۆکیەکانی نێوان بەغدا و هەرێم، هەر خەڵک بووە و هاوڵاتی باجەکەی داوە، جا بۆئەوەی خەڵک هەمیشە مافەکانی ژێرپێ نەخرێت، پێویستە یەک دەنگبن و بەرەنگاری دەسەڵات بکەن و لەسەر مافی خۆیان بێنە دەنگ.

**بۆپێشەوە: دزی و تاڵانچێتی دەسەڵاتی هەرێم، ئەو بۆچوونەی هێناوەتە ئارا کە بەشێک لە خەڵک و هیزە سیاسیەکان مەیلی گەڕانەوە بۆ بەغدایان هەیە، لە کاتێکدا دەسەڵاتی سیاسی ناوەند بەهەمان شێوەی دەسەڵاتی هەرێم دەسەڵاتێکی دزو تاڵانچییە، لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**هێمن جەوهەر:** بێگومان بەهۆی ستەم و نادادی دەسەڵاتی چەتەگەرایی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە، زۆربەی خەڵکی تەواو بڕستی لێبڕاوە خنکێندراوە، بۆیە لەناچاریا دەست بۆ چڵە پوشێکیش دەبات و هانا بۆ بەغدا دەبات. سەرەڕای ئەوەی لە ناوەندیش دزی و تاڵانی و گەندەڵی و کەمی خزمەتگوزاری هەیە، بەڵام لە زۆر ڕووەوە بەغداد باشترە، بەوەی کە لە داهاتی نەوتدا ڕوونییەکی زۆر باش هەیە لە شێوازی دەرهێنان و فرۆشتن و داهاتەکەشی، هەروەها لە پەرلەمانی بەغدا چەندین وەزیر متمانەیان لێوەرگیراوەتەوە و ئەوەتا لەژێر فشاری خۆپیشاندەران کابینەکەی عادل عبدلمهدی هەڵوەشێندرایەوە، بەڵام لای خۆمان دەسەڵات بە خۆپیشاندەران دەڵێن "بڕۆن بۆ خۆتان هەڵپەڕن هیچ حیسابێک بۆ ئێوە نایەتەکردن."

**بۆپێشەوە: خەڵکی نەدار و بێبەشی عێراق و کوردستان... بە کردەوە نیشانیان داوە کە دژی دەسەڵاتی بەغداو هەرێمن، چۆن دەکرێت تورەیی و نارەزایەتی خەڵکی عێراق و کوردستان هاوئاهەنگ بکرێت؟**

**هێمن جەوهەر:** بێگومان خەڵکی بەشمەینەتی هەرێم و بەغدا پێویستە هیچ لایەکیان فریوی سیاسیە دەسەڵاتدارەکانیان نەخۆن بەتاییەتی خەڵکی کوردستان بە (فشەی کوردایەتی دەسەڵاتداران) فریونەخۆن و ڕێگەنەدەن ناکۆکی نەتەوەیی بخەنە نێوانیانەوە بۆ مەرامی خۆیان، پێویستیشە لەڕێگای ڕێکخراو و کەسایەتیە سیاسی یە بێلایەنەکانەوە کار بۆ دروستکردنی پردی پەیوەندی نێوانیان بکەن.

**بۆپێشەوە: لە ململانێی نێوان دەسەڵاتی هەرێم و بەغدادا هاوڵاتیان دەبنە سوتەمەنی ئەو ململانێیە، دەبێ هاوڵاتیان چی بکەن و چ ئەرکێک دەکەوێتە سەرشانیان؟**

**هێمن جەوهەر:** هەروەک پێشتر گووتم، پێویستە هاوڵاتیانی هەرێم و بەغدا لەڕێگای کەناڵەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و تەنانەت کەسایەتی کۆمەڵایەتشەوە هەماهەنگی لەنێوانیاندا دروست بکەن و گیانی بەرەنگاریان بەهێزبکەن دژی ستەمکاری بوەستنەوە.

**بۆپێشەوە: ململانێی نإوان دەسەڵاتی هەرێم و بەغدا، ململانێی نێو خانەوادەی بۆرژوازییە لە ئاستی عێراقدا، خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بۆئەوەی نەبنە سوتەمەنی ئەو ململانێییە، دەبێ چی بکەن و چ ئەرکێک دەکەوێتە سەرشانیان؟**

**هێمن جەوهەر:** ئایندەی سیاسی کوردستان ئەوەندەی بەندە بە خۆمانەوە، ئەوەندە پەیوەست نییە بە سایەی دەسەڵاتی شیعە و سوننەوە، چونکە ئەوە ئەو دەسەڵاتی ستەمکارە خۆسەپێنەی هەرێمە کە وایکردووە بەری ڕەنج و فرمێسکی دەیان ساڵەی کورد بەهەدەربچێ و بەرەو پوکانەوە بڕوات. چونکە هیچ بنەمایەکی (حکومڕانییەکی باش) و تەندروستی تێدا نییە، بۆیە قابیلی مانەوە نییە، چونکە ئەوەی کە هەیە دوو بنەماڵەی خۆسەپێن و داردەستی دەستی داگیرکەرانی کوردستانن، تیایدا خەریکی چەتەگەرایی و قاچاغچێتی و خۆدەوڵەمەندکردن و خەڵک برسیکردنن، بۆیە ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێ و کار نەکەوێتە دەستی کەسانی دەست پاک و لەخۆبوردوو و شارەزا و شیاو، ئەوا ئایندەی سیاسی هەرێم زۆر لە هی ئێستای ڕەشتر دەبێت.

هێمن جوهر / هاوڵاتی

قـــەرەنـــاو

> **لە ڕاستیدا هەرێم تەنها بەڕووکەش ئامادەیی دەردەبڕێت بۆ ڕێککەوتن و پاشان جێبەجێیان ناکات، چونکە قازانجی ئەوان لەوەدایە هەر خۆیان سەرپاڵەبن و چی هەیە لەداهات خۆیان سەرف و سونی بکەن و بیدزن و تاڵانی بکەن، و ژیانی خەڵکیش چی لێ بەسەردێ بۆ ئەوان هیچ بەهایەکی نییە...**

## درێژەی...کێشەی فەیسبوک، فەیسبوکە...

ناگرن. بەڵکو لەو تەکنەلۆژیایەوە سەرچاوە دەگرن کە ئەم کۆمپانیایانە بەکاریدەبەن و بە پڕبایەخ و بەهاداری دەزانن. تۆڕە کۆمپیوتەری و ئەنتەرنێتییەکان بە... گۆڕینی تەواوی جۆرەکانی زانیاری و داتاکان بۆ ژمارەی کۆدی دوو-دوویی، تێکەڵبوون و یەکگرتنی هەموو ئەو ڕاگەیاندنانەی کە سەردەمانێک جیاواز و هەمەڕەنگ بوون و گۆڕینیان بۆ ئیمپراتۆریەتی داتا و زانیاری، دەکەن بە ئەمری واقیع. ئیمپراتۆریەتێکی بەهێز و بەرفراوان کە پێشتر نمونەی نەبووە. لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان ئاشکراکردووە کە شێوازی دیزاین و دروستکردنی مۆبایلی زیرەک و ئەپڵیکەیشنەکان بەجۆرێکە، کە ئارامی و وردبینیی ئێمە لە بۆ هەڵسەنگاندنی مانا و بەهای زانیارییەکانی سەر شاشە سمارتییەکانمان، لەناودەبەن. هەر بەو جۆرەی جۆن لانێر پێی وایە، ڕووهێنانی میدیا ئینتەرنێتیەکان بۆ بەمۆدکردنی وروژانی سۆز و پەرەدان بە هەستگەرایی و دابەزاندنی ئاستی بیرکردنەوە و بێ بنەماکردنی فۆرمی گفتوگۆی شارستانی، هەر لەسەرەتاوە دیاربووە، لەوکاتەی خەڵکی لە دەیەی حەفتاکاندا تازە فێری گفتوگۆی ئۆنلاین ببوون و هێشتا ڕیکلام نەهاتبووە ناو دنیای مەجازەوە. کاتێک خەڵکی لەواقیعدا ڕووبەڕوو گفتوگۆ دەکەن، بە شێوازێکی سرووشتی هەست بە جۆرێک لەڕێز و نزیکایەتی دەکەن، گەرچی فیکریشیان جیاواز بێت.

ئەم هەستی ڕێز و نزیکایەتییە، بێ متمانەیی لەناودەبات و ڕێز زیاتر دەکات. بەڵام ئەو دەمەی هەمان ئەم گفتوگۆیە لەسەر ڕووی بێ گیانی تابلێت و شاشەی سمارت ئەنجام دەدرێت، بە ئەگەری زۆر بۆ ئاستی نەیارێتی و تۆمەت بەخشینەوەی دەمارگیرییانە دادەبەزێت. تەکنۆلۆژیای مەجاز خۆبەخۆ ئەو دۆخە دەروونییە بەباردێنێت کە جۆن لانێر ناوی لێدەنێت :troll) ترۆڵ، زاراوەیەکە لە گفتوگۆی ئینتەرنێتی و دنیای مەجازدا بەو کەسانە دەوترێت کە بە ڕەفتار و گوفتاری وێرانکەر و بێ قەید و شەرت، خولقاندنی کەشێکی پڕ لەهەستیاری و توڕەیی، و دەربڕینی بابەتی پڕ لەسوکایەتی و تۆمەت بەخشینەوە و وروژێنەر، بەدوای ڕاکێشانی سەرنجی ئەوانیتر و بەکارهێنەرانەوەن). ئێمە ناتوانین بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی (سیلیکۆن ڤۆلی) لە ئامێر و کەرەستەکانی جودا بکەینەوە، هەروا ناتوانین بۆ چارەسەرکردنی قەیران و کێشە کۆمەڵایەتییەکان متمانە بە سەرمایەدارانی سەرکێش بکەین. تەنانەت ئەگەر خەڵکی بەیەکەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بێنە دەرەوە، گەر بێت و کۆمپانیا ئەنتەرنێتییەکان بەم حاڵەی ئێستایانەوە دەست لێنەدرێن، ئەوا دەتوانن ئیمپراتۆرێتی ڕاگەیاندنی و سیستەمی تۆڕی مەجازی کۆمەڵایەتیی هاوشێوە بە فۆرمێکی تر درووستبکەنەوە. ئەم کۆمپانیایانە بەئەگەری زۆر شێوازی نوێ و باشتر بۆ فریودانی ئێمە دادەهێنن. بەهەرحاڵ ئەم بابەتە یەکلابووەتەوە. مەگەر گۆڕانێکی ڕیشەیی و ڕادیکاڵ ڕووبدات، ئەگینا سەختە وا بیربکەینەوە کە خەڵکی بەدەم بانگەوازی جۆن لانێرەوە بچن و هەژمارەکانی خۆیان بسڕنەوە. هەروەک چۆن ساڵی ڕابوردوو ئامارەکان ئەوەیان خستەڕوو کە تەنانەت کەسانێکیش کە لەدەست تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان زیانیان بینیوە و توڕەن، کەچی دواتر هەر بۆلای فەیسبوک و تویتەر و سناپ چات و یوتیوب و سود بینین لێیان گەڕاونەتەوە. پرسەکە ئەوە نییە کە ئەمانە ئالودەبوون، پرسەکە ئەوەیە کە ئەمڕۆکە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تێکەڵی هاوڕێیەتی، هەستی خود بینین، کار و کاتە بەتاڵەکانی ژیانیان بووە و ئەستەمە لێک جودا بکرێنەوە. بۆیە ئەوان بە دوورکەوتنەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، خۆیان لەکۆمەڵگە نەفی دەکەن. ڕوونترین و ئاشکراترین چرکەسات لە کتێبی (ئەنتی سۆشیال میدیا) کاتێکە کە خودی ڤیتیاناتن ی نوسەری کتێبەکە پەردە لەسەر خوی لەسەرخەت بوونی بەردەوامی خۆی لادەدات. گەرچی ئاگاییەکی باشی لەبارەی کاریگەرییە زیانبارەکانی فەیسبوکەوە هەیە، کەچی بۆ زیاتر لە دە ساڵ ئەندامێکی وەفادار و تەنانەت خۆشحاڵیشی ئەم تۆڕەیە. ڤیتیاناتن دانی پێدا دەنێت و دەنوسێت: من بەئدازەی هەر کەسێکی تر لەجیهاندا ژیانی خۆمم لەنێو فەیسبوک گوزەراندووە. فەیسبوک سیستەمی هۆکاری ژیانی من بوو. لەپەیوەندییدا بەئایندەوە، ڤیتیاناتن دەنوسێت: هیچ بەرنامەیەکم بۆ تەرککردن و وازهێنان لە فەیسبوک نیە! کەواتە: کێشەی فەیسبوک تەنیا فەیسبوک نییە، خۆیشمانین.

**نیکۆلاس کۆر- وێب سایتی واشنتۆن پۆست**

**و. وریا ئەحمەد**

### تیبینی: ئەم بابەتە لە ماڵپەری گروپی نیگەتیف وەرگیراوە...

---

1: Cambridge Analytica scandal. بریتییە لەو هەڵایەی کە گوایە کۆمپانیای کامبریج ئانالتیکا دەستی بە زانیاریی شەخسیی بەکاربەرانی فەیسبوک گەیشتووە و دواتر سودی لەو زانیارییانە بینیووە بۆ کاریگەریدانان لەسەر دەنگدەران.

2. سیلیکۆن ڤۆلیی: دۆڵێکە دەکەوێتە بەشی باشوری کەنداوی سان فرانسیسکۆ لە کالیفۆرنیای باکور. ئەم دۆڵە، ناوەندی زۆرێک لەکۆمپانیا زەبەلاحەکانی بواری تەکنەلۆژیای سمارتی و ئەلیکترۆنی و نێتۆرکییە و کۆمپانیاکانی وەک ئەپڵ، گوگڵ، سیسکۆ، ئێچ پی، ئینتێڵ و ئۆراکڵ بنکەی سەرەکییان لێرەدایە.

## درێژەی دوا وتە

قاچاغچیەکانیان، دەستیان بەسەر هەموو سەرچاوەکانی داهات و سامان و کار و کاسبی و تەنانەت موچەش کە دەسترەنجی ماندوبوون و خزمەتی کۆمەڵگەیە، گرتووە. لەو ڕێگایەشەوە سەروەت و سامانێکی خەیاڵیان بۆ خۆیان و کەس و کارو خاوەن کۆمپانیاکان، کەڵەکەکردووە، لەبەرامبەریشدا ژیان و گوزەرانی چینی کریکارو کارمەند و توێژە بێبەشەکانی کوردستانیان بەرەو داڕمان و نابودکردن بردووە. لەوەها هەلومەرجێکدایە کە دەیانەوێت ئەو هەلومەرجە سەختە لەڕێگای سەرکوت و ترس و تۆقاندنەوە، بۆ هەمیشە درێژە پێبدەن و کۆمەڵگە بێدەنگ و خامۆش رابگرن.

لەبەرامبەر بەم هەلومەرجە سەختەدا کە دەسەڵات بەشێوەی مافیایی لەڕێگای هێزی میلیشایی و زەبروزەنگ و دەست بەسەراگرتنی داهاتەوە، دای سەپاندووە، دەرەتانێک نەماوە بۆ جەماوەری کریکار و بێبەشانی کۆمەڵگە جگە لە نارەزایەتی و وەستانەوە بەرووی ئەم زوڵم و نابەرابەرییە ئابوریە. بۆیە تا دێت بزوتنەوە نارەزایەتی جەماوەری فراوانتر و بەرینتر و سەراسەری تر دەبیتەوە، تادێت ویستی نارەزایەتی جەماوەریش بەرەو سەر دەچێت و خواستی چاکسازی و داواکارییەکان، جێگای خۆیان دەدەن بەخواستی راماڵینی دەسەڵات. بەتایبەتیش کە بۆ جەماوەری بێبەشی کوردستان رۆشن بۆتەوە کە ئەم دەسەڵاتە چاکسازی هەڵناگرێت و تاڵانی و دزی و مامەڵەی مافیایی لەگەڵ داهات و سامانی کوردستان و خواستەکانی خەلکی کوردستان، ستراکتۆری ئەم دەسەڵاتەیە و دەستبردن بۆیان بەمانای کۆتایی دەسەڵاتیان دیت. بۆیە خواستی چاکسازی تەنها و تەنها خواستی بەشێکی ناچیز لە بەشداربوونی دەسەڵاتن کە نارِازین لە بەشی خۆیان، نەک خواستی جەماوەری بێبەشی کوردستان. خواستی جەماوەری لەسەراسەری کوردستان کۆتاییهێنان بەدەسەڵات و ڕاماڵینیەتی.

ئەگەر پێشوتر تورەیی و نەفرەتی جەماوەری شەقام زۆتر زۆنی سەوز و نیلی گرتبۆوە، ئەوە لە ساڵی رابردووەو زۆنی زەرد بەگشتی و پێگەی پارتی لە بادینانییشی گرتۆتەوە، بۆیە زوربەی گیراوەکان و ڕفێنراوەکانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، ئەمجارە هەڵسوڕاوان و رابەرانی بزوتنەوەی تورەیی جەماوەری زۆنی زەرد و بادینانن. ئەم ئاڵوگۆرەو پەڕینەوەی نارەزایەتی شەقام بۆ سنوری پارتی و ناو دڵی پیگەی دەسەڵاتدارێتەکەی، زەنگێکی مەترسیدار بۆ سەر دەسەڵاتی و سیاسی پارتییە. هەوسار پچرانی پارتیش هەر ریشەی لەم واقعیەتە تازەیەدایە کە لەبادینان دەسەڵاتەکەی کەوتۆتە بەردەم نارەزایەتی جەماوەری.

پارتی وەکو هێزی سیاسی باڵادەست و قۆرغکاری هەرێم، لەهەلومەرجێکدا دەرگیرە لەگەڵ بزوتنەوەو نەفرەتی جەماوەری، کە لە ئاستی عێراقدا توشی پاشەکشەو لەسەر گۆرەپانی سیاسی کوردستاندا تاک باڵ و لەسەر ئاستی ناوچەکە لاوازتر و لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی تەریکترە... ئەمەش هێندەی تر پارتی و دەسەلاتەکەی تەنگە نەفەس کردووەو دەیەوێت هەرچۆنێک بووە ناوخۆی کوردستان و بەتایبەتی ژێر قەڵەمرەوی دەسەڵاتی خۆی ئارام رابگرێت، ئەم هەموو سەرکوت و داپلۆسین و ڕفاندنەش هەر بۆ ئەم ئامانجەیەتی.

هێزە سیاسیەکانی تری سەر گۆرەپانی سیاسی کوردستان لەخانەوادەی بۆرژوازی کورد، بەدیاریکراوی یەکێتی و گۆڕان کە خاوەنی دەسەڵاتی زۆنی سەوزن و بەرپرسی راستەوخۆی ئەو جغرافیایەن، بەو هۆیەوە لەلایەکەوە بەدەست کێشەی ناوخۆیی و لەلایەکی ترەوە بەهۆی بی پرۆژەیی و بی نەخشەیەوە، کیرڤیان روو لە دابەزینە، لەگەڵ ئەوەدا لە حکومەت و پەرلەمانی دیکۆردا، هاوبەشی پارتین، بەڵام لە دنیای دەرەوەو پراکتیکیدا وەکو هیزی ئۆپۆزیسیۆن مامەڵە لەگەڵ پارتی دەکەن و کروزانەوەیان بۆ بەشی زیاتر لە پارتی جەرگی هیڵی سیاسیانی هێندەی تر کونکردووە. یەکێتی و گۆڕان کە وەکو دەسەڵاتی پارتی لەبەردەم بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریدان لە ژێرِ قەڵەمرەوی دەسەڵاتیاندا، لەبەرامبەر سەرکوت و داپلۆسینی پارتیدا بێدەنگن و بەمەش دەبنە هاوکار و پشتیوانی سەرکوتگەرییەکانی پارتی.

سەرکوتکەری دەسەلات بەگشتی و پارتی بەتایبەتی، بەو گوشارانەی تا ئێستا لەسەری بووە، نەبۆتە هۆکارێک بۆ پاشەکشەپیکردنی پارتی و ئازادکردنی گیراوەکان و دەست کورتکردنەوەی پارتی لە زاڵکردنی کەشی ترس و تۆقاندن. بۆیە پێویستە ئەو گوشارانە بۆسەر دەسەڵاتی سیاسی و پارتی توند بکرێتەوە، یەکەمین هەنگاویش لەو راستایەدا، تێپەڕینە لە نارەزایەتی کەمپەینی و ئاکسیۆنی و گۆرینیەتی بە کارێکی هەمیشەیی و بەنەخشەی فراوانتر و ڕێکخراوترەوە بۆ زامنکردنی ئازادی و ئازادییە سیاسیەکان. هەروەها گرێدانەوەی خەبات بۆ ئازادی و ئازادییە سیاسیەکانە، لەگەڵ بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بۆ خواستەکانی لە موچەو خزمەتگوزارییەکانەوە تا دەگاتە خواستی ڕاماڵینی دەسەڵات.

**کۆتایی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠**

بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدولا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

**نووسەرانی ئەم ژمارەیە:**

شوانە حەسەن،ئاراس رەشید، عەبدولا مەحمود، هەتاو عەبدوڵاهی، هیوا ساڵح، کاوان قادر، عبدالرحمن رەسوڵ،جەمال نوری،تەها ساڵح ،ئەحمەد جوانکار، خالید بایەزیدی

لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت سەبارەت"بە پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغداو پرسی موچە و ئایندەی سیاسی کوردستان"

## دوا وتە

## لە پەیوەند بە زیندانییە سیاسیەکانی هەولێر و بادینان دا

**عەبدولا مەحمود**



چەندین مانگە دەسەلاتی سیاسی هەرێم، بەتایبەتیش پارتی، دەیان هەلسوراوی سیاسی و جەماوەری، رۆژنامەنووس، مامۆستا، وە کەسانی بەشدار لە خۆپیشاندان و نارەزایەتیە جەماوەرییەکانی، دەستگیر کردووە و بەشێکیشیان بەشێوەی مافیایی رفێنراون. تاوانی هەموو ئەو دەستگیرکراوانە بەشداری و رۆل بینینان بووە لە نارەزایەتی دەربرین بەدژی بی موچەیی و گرانی و بێکاری و نۆکەری پیشەیی دەسەلات بۆ هێزە داگیرکەرو فاشیستەکانی ناوچەکە.

لەماوەی سێ مانگی رابردوودا، بەدژی ئەو هێرشە سەرکوتکەرانەیەی پارتی چەندین کەمپەینی نارەزایەتی لەلایەن نووسەران و هەلسوراوانی سیاسی چەپ و پێشکەوتنخواز، رۆژنامەنووسان و کەسایەتی دیار وەرێخراون. چەندین کەسایەتی و رێکخراوە و نەقابەی کرێکاری و جەماوەری و پیشەیی لە دنیای دەرەوە، نامەی نارەزایەتیان ئاراستەی دەسەلات کردووە، چەندین کۆبونەوەو خۆپیشاندانی نارەزایەتی لە بەشێک لە ولاتەکانی ئەوروپا و ئوستراليا سازکراوە، بەشێکیان لەبەردەم نوینەرایەتی حکومەتی هەرێم!! بووە، کەچی پارتی سەرەرای ئینکاری کردن لەزیندانی کردن، هەولی داوە سیناریۆی ساختە و لە پێشدا ئامادەکراو بۆ ئەو زیندانیانە دروست بکات و دۆسیەکانیان بگۆرێت، لەوەش واوەتر تا ئێستا بەشی هەرەزۆری زیندانی کراوەکان لە زیندانەکاندا راگیراون، ئەوە لە کاتێکدایە سەرانی ئەم حزبانەو رۆژانە ئەوە رادەگەیەنن کە زیندانی سیاسی لە هەرێمدا نییە.

هۆکاری دەستبردنی دەسەلاتی سیاسی و پارتی بۆ نەهیشتنی ئەو پەراوێزە سیاسیەی کە بەرهەمی خرۆشانی جەماوەری ساڵی ١٩٩١ و قوتبی نەبوونەوەی دەسەلات و لەمەیداندابوونی بزوتنەوە نارەزایەتی جەماوەری و ئازادیخوازی کوردستانە، پەرەسەندنی توڕەیی و نەفرەتی جەماوەرییە لە دەسەلات و ئەو نابەرابەرییە چینایەتیە قوڵە بێوێنەیەی کوردستان.

نوخبەی سیاسی دەسەلاتدار لە کوردستان و بنەماڵەکانیان و کۆمپانیا هەمەچەشنە بازرگانی و

بۆ لاپەرە 13

## خۆشەویستی و سەرمایە، دوێنێ و ئەمرۆ

Mary Gabriel

وەلامدانەوەیەکی سەردەمیانە بە بانگێشەکانی سەرمایەداری...
چاوپێکەوتنێک لەگەل {ماری گابریل}
دێڤید بێستو چاوپێکەوتنەکەی کردووە
بەوەرگێرانی: ئەحمەد جوانکار ..




{بەشی یەکەم
– فەرەنسا ساڵی ١٨٤٥ لەسەرهەڵسوراوەیی وکارە سیاسیەکانی ..
لەهەمانکاتدا کاری بۆ رۆژنامەیەکی ئۆپۆزیسیۆن دەکرد
کارل مارکسی دەرکرد و پاشان چووبۆ بروکسل.
ئێوە پێتان وانییە کە چیرۆکی راستەقینەی مارکس وەک بیرمەندێکی سیاسی لە بەلجیک دەستپێبکردبێ ..؟
ماری گابریل: لەڕاستیدا مارکس ئەوکاتەی کەلە بەلجیک دەژیا، پەیوەندی هەبوو لەگەل کۆمەلەی کۆمۆنیستەکاندا.
مارکس وهەندی لەهاورێکانی، لەوانە فریدریگ ئینگلس، ئۆستاندیان بەجێهێشت و بەرەولەندەن چوون، ئامادەی یەکەم کۆبونەوەی دەستەی کۆمۆنستی بوون،
ئەودەستەیە پێش چەند مانگێک دامەزرابوو.
ئەوە یەکەمین رێکخراوەی پرۆلیتاری بوو کە مارکس پەیوەندی پێوەکردبێ ..
کۆبونەوەکە ماوەی هەفتەیەکی خایاند.
لەکۆتایدا داخوازی ئەویان لەکارل مارکس کرد کە کار لەسەر مانیڤێستێکی کۆمۆنیستی بکات.
پێشترچەند هەولێک بۆ ئەومەبەستەو، کارێکی ئاواهەبووە، بەلام هیچکام لەهەولەکان و نوسین و چاپەکان لەئاستیکی چاوەروانکراودا نەبوون.
هەربۆیە دەستەکە رویانکردە مارکس وئەنجلس و
وتیان: ئایا ئێوە ئەتوانن، لەسەر رووناکی
ئەم تێبینی وداواکاریانە، ئێوە کارێکی لەم شێوەیە بکەن.
لەدوایدا ئەنجلس مارکسی بەتەنیا لەبروکسل بەجێهێشت، مارکس دانیشت بۆکارکردن و نوسین و بەرهەمهێنانی، شۆرشگێرترین بەلگەنامەی سەدەی نۆزدە {مانیڤێستی کۆمۆنیست}
زورکات لەسەر مێزی نانخواردنەکەی کارەکانی ئەنجام ئەدان .. بەیارمەتی جینی هاوژینی .
کەواتە ئەتوانین ئەوەبڵێین کە هەموو کارەکانی لێرە لە بەلجیکا دەستپێیکرد.
پرسیار: ئەوە نزکەی ١٧٠ ساڵ لەمەوبەربوو
ناتوانی مێژووی بزوتنەوەی کرێکاری لەسەدەی بیستەمدا بنوسیتەوە،
بەبێ ئاماژەکردن وگەرانەوە بۆ مارکس .
هەروەها کاریگەریەکی قولی هەبووە لەسەرهەموو زانستە مرۆڤایەتیەکان،
ئابوری وکۆمەڵناسی و فەلسەفەو.. هتد .
بەلام زۆرێک هەن باس لەبەسەرچونی ئایدیاکانی کارل مارکس دەکەن،
ئێوە ئەڵێن چی ..؟
وەلام پێمولیە ئەگەر بگەرێینەوە بۆ مانیڤێستی کۆمۆنیست، ئەوە دەردەخات کەئەوە دوورە لەراستیەوە و بەهیچ شکلێک ئەوشتە راست نییە، لەناومانیڤێستدا هەموو ئەزمەوە پێشبینی و شتەکانی ئێستای تیدایە، ئەوەی زەرورەو پێویستە کەبڵێین، هەتا ئێستا گرنگەو زیندووە،
شتێکە هەموو ئەتوانین لێوەی فێربین.
نووسین وبلاوکراوەکانی مارکس، وەک بەلگەنامەیەکی یاسایین، پشتیوانی و پارێزەرێکن.
بەمیلودراماییەک دەستپێکرد {تارماییەک ئەوروپا راودەنی} ئەویش تارمایی {کۆمۆنیزمە}.
لەدوایشدا باسەکانی کۆمۆنیزم و گەندەلیەکانی نیزامی سەرمایەداری بەسەرچوو، هیواخوازی کە کۆمۆنیزم جێگرەوەی ئەوسیستەمە بێ .
لەگۆرانی {ئەوچیرۆکەخەیالیە} کارل مارکس وای ناونابوو .. **ماویەتی**